بۆپێشەوە
FORWARD
بڵاوکراوەیەکی سیاسی سۆشیالیستییە

ساڵی شەشەم ژمارە (136) بەرواری 15-1-2023 | بڵاوکراوەیەکی سیاسی سۆشیالیستییە | مانگی دووجار، لە (1)و (15) هەموو مانگێکدا دەردەچێت

بنچینە کۆمەڵایەتی و فیکرییەکانی کۆمۆنیزمی کرێکاری ...

بەشی نۆهەم


## کۆمۆنیزمی کرێکاری و کۆمۆنیزمی بۆرژوایی...ل11

## وتەی ژمارە

# هەوڵەکانی پارتی و یەکێتی بۆ ڕێکەوتنی تر، لە چ هەلومەرجێکی تازەدا دەچێتە پێشەوە؟

نووسینی: عەبدوڵا مەحمود

گرژییەکانی نێوان پارتی و یەکیتی لەسەر دەسەڵات و هێشتنەوەی هەیمەنەی حزبیان بەسەر هەرێمدا درێژەی هەیە، هاوکات هەندێک هەوڵی ناچاری هەن بۆ خاوکردنەوەو کەم کردنەوەیان. هۆکاری بوونی هەوڵی ناچاری بۆ خاوکرنەوەو تەنانەت ڕێکەوتنێکی تر لە نێوان پارتی و یەکێتیدا، پەیوەندی بە ئایندەی پارتی و یەکێتی و سەرجەم دۆخی سیاسی هەرێمی کورستان و ئایندە سیاسیەکەیەوە هەیە.



گۆرانکارییە جیهانی و ناوچەییەکان، کاریگەریان لەسەر دۆخی عێراق و هاوکات کوردستان هەیە، دیارە دۆخی عیراقیش کاریگەری لەسەر سیاسەت و پرۆژە جیهانی و ناوچەییەکان، دەبێت و لەو نێوەشدا ئەوە هەرێمە دوبارە کاریگەری لەسەر دەبێت، بەڵام خودی دەسەڵاتی سیاسی و جغرافیای هەرێم بەهۆکاری ئەوەی وابەستە بەدەسەڵاتی ناوەند و دنیاو ناوچەکەش مامەڵەی فەرمی لەگەڵ عێراق دەکەن، کاریگەری جدی لەسەر هیچ جێگاو شوێنێک نییە... بۆیە ئەوە هەرێمی کوردستان و دەسەڵاتە سیاسیەکەیەتی کە هەمیشە لەچاوەرونیدایەو ئاڵوگۆرەکان دەتوانن، کاریگەری لەسەر دابنێن و ئەوان تەنها دەتوانن پرۆژەی خۆ گونجاندن و مانەوە پەیڕەو بکەن.

لە ئاستی ناوچەکەدا بەوهۆیەیەوە کە ناوچەکە چیتر قەڵەمرەوی و گۆرەپانی باڵادەستی ئەمریکاو غەرب نییە بەتەنها، و روسیا بۆتە کاراکتەرێکی دیار لەناوچەکەدا، ئەوە وای کردووە کە ئاڵوگۆرێکی بەرجەستە لە هاوسەنگی هێزە ناوچییەکانێشدا پێک بێت و وڵاتەکانی ناوچەکەش ببنە کاراکتەری ئاڵوگۆڕ و چەقی ململانێی زل هیزەکان لەسەریان. لەو نێوەدا دەوڵەتی توکیا سەرباری گرفتە قوڵە ئابوری و سیاسیی و ئەمنی و ئەزمەی حکومەتی لە ئاستی ناوخۆدا، بەڵام بەکەڵک وەرگرتن لە ناکۆکی و ململانیی قوتبە جیهانیەکان لەناوچەکەدا، بەتایبەتی لە کێبەرکێی نێوان ئەمریکا و روسیا، و دۆخی جەنگ لە ئۆکرانیادا، توانیویەتی وەکو بلۆکێکی بەهێز دەربکەوێت و

بۆ لاپەڕە 2

# کۆبونەوەی نارەزایەتی خەڵکی پێنجوێن، بۆ داخوازییەکانیان درێژەی هەیە!



بەهۆی بێدەربەستی دەسەڵات لە دابینکردنی سەرەتاییترین خزمەتگوزارییەکان، بەتایبەتیش بەهۆی کەم بوونەوەی کارەبای سەرەکی و نەبوونی سوتەمەنی، جەماوەری پێنجوێن، چەند ڕۆژێکە دەستیان داوەتە کۆبونەوەیەکی فراوانی نارەزایەتی و داوا دەکەن، کارەبای سەرەکیان بۆ زیاد بکرێت و سوتەمەنی پێویستیان بۆفەراهەم بکرێت، کەچی تا ئێستا دەسەڵاتی سیاسی و بەرپرسانی ناوچەکە خۆیان لە وەڵامدانەوە بەو خواستە رەواو سەرەتایی و سەرەکیانە دەدزنەوە.

بۆ لاپەڕە 3

# تاڵانی و دزی لە زمانی خۆیانەوە...



## مەلا بەختیار: ٣٠٠ ملیۆنێر لەناو پارتی و یەکیتی و گۆڕاندا هەن!!

ئێوارەی حەوتی ئەم مانگە لە سمینارێکی تایبەت بە ئابوری کوردستان، کە تۆڕی ناوەندی ڕۆشنگەری چاودێر سازی کردبوو، لە میانەی بەشداری کردنیدا مەلا بەختیار رایگەیاند کە کێشەی بنەرەتی گەندەڵییە کە هەرێم بەدەستیەوە دەناڵێنێت و هاوکات رایگەیاند کە نزیک بە سێ سەد ملیۆنیر لەناو

بۆ لاپەڕە 3

## لەم ژمارەیەدا ئەم بابەتانەش دەخوێننەوە:

◆ هێزەکانی بۆرژوازی کورد، یادی قاسم سلێمانی جەلادیان، کردەوە............ل3
◆ ئایا خرۆشانی خەڵکی ئێران پاش ١١٨ ڕۆژ لە خۆپیشاندان و....................ل4
◆ بایس لە نێوان شاعیران و ئایینزاکاندا ..........................................ل4
◆ جیهاد محمەد کەریم وەڵامی پرسی رۆژ دەداتەوە................................ل5
◆ قەیرانی ئابووری و مانگرتنی کرێکارانی بەریتانیا ................................ل6
◆ توندوتیژی دژی ژنان ....................................................ل7
◆ قۆرغکاری یان گەشەی ئازادی!............................................ل10





# دۆسیەی ژمارە "ڕاپەڕینی خەڵکی ئێران و کوردستان و ئایندەکەی"

## هاوڕێیان وەستا جەلال و مستەفا باهیر وەڵامی پرسیارەکانی دۆسیەکەیان داوەتەوە...

ل12-13-14

پرسی ڕۆژ ل5
پرسی ژن ل7
گۆشەی ئەدەب و هونەر ل8-9

# درێژەی وتەی ژمارە

دەستێوەردانەکانی بەشێوەی بەرجەستەو حاشاهەڵنەگر زیاد بکات. هێرشە بەردەوامەکانی لەسەر لەسنورەکانی عێراق بە پاساوی پاراستنی ئاسایشی ناوخۆ تا دەگاتە گوشار خستنە سەر دەوڵەتی عێراق بە هاوکاریکردن و گوشارهێنانی بەوەی جێگەو رێگەی تورکیا و هیزە سیاسیە وابەستەکانی، لە پرۆسیسی سیاسی عێراقدا زۆرتر بکات، تا دەگاتە پەرەدان و فراوانکردنەوەی دەستێوردانەکانی لە کوردستانی سوریا و هەوڵی بۆ نزیک بوونەوەی لەگەڵ ئەسەدا، وەکو سەرەتایەک بۆ کۆتاییهێنان بە دۆخی سیاسی لە کوردستانی سوریادا. هاوکات ئەو ئاڵوگۆرەی لە ئێراندا بەرێوەیەو ئەو بزوتنەوە و راپەرینە شۆرشگێرانەیەی چەندین مانگە شانۆی سیاسی ئێرانی داگرتووە، توانستی ئێران و دەستێوەردانەکانی سنوردار دەکات. لەو نێوەدا دەوڵەتی تورکیا چاوی لەوەیە ئەو بۆشاییەی بەهۆی کەم بوونەوەی رۆڵی ئێران دێتە پیش پڕ بکاتەوە و ببیتە هێز و بلۆکی باڵادەست لە ناوچەکەدا.

جیا لەو ئاڵوگۆرەی لە هاوسەنگی ئێران و تورکیا لەناوچەکدا بەرێوەیە بەسودی دەوڵەتی تورکیا، گوشارەکانی دەوڵەتی ئێران لەسەر عیراق بە پاساوی پاراستنی سنورەکانی بۆ رێگەگرتن لە دزەکردنی هیزەکانی ئۆپۆزیسیۆنی ئێرانی بەوەی ناوچە سنوریەکان درز برِ بکات و ئاسایشەکەی بەدەستەوە بگرێت، ئەوە دیسان کاریگەری لەسەر دۆخی هەرێم دەبێت و دەستی هیزەکانی دەسەڵاتی سیاسی هەرێم نەک هەر کورت دەکاتەوە بەڵگو ئیرادەی سیاسییان هێندەی تر لەقاڵب دەدات.

دەسەڵاتی ناوەندیش لە عێراقدا، بەلەبەرچاوگرتنی نەبوونی کارتی سیاسی و ئابوری و ئەمنی و حقوقی هەرێم، بەدەست هیزە سیاسیەکانی بۆرژوازی کوردەوە، هەژمورنی خۆی لە رێگا و بەئامانجی قوتبی کردنەوەی دەسەڵاتی لەسەر ئاستی عیراقدا، دەباتە پێشەوە. عێراق پرسی نەوت و غازی وەکو کارت و دۆسیەیەکی یاسایی لەبەرامبەر دابینکردنی بودجەی هەرێم!! دا، بەدەستەوە گرتووە، واتە دەسەڵاتی ناوەندی پرسی رادەستکردنی داهاتی نەوت و غاز و تەنانەت داهاتە ناوخۆیەکانی هەرێمی کوردستانی کردۆتە مەرج بۆ ناردنی موچە و بودجەی هەرێم!!.

هەموو ئەو ئاڵوگۆرانە، بە زیانی ئاییندەی سیاسی هەرێم!! و دەسەڵاتی بۆرژوازی کوردە. لەو نێوەدا دەسەڵاتی سیاسی هەرێم هیچ بژاردە و هیچ پرۆژە یان نەخشەیەکی سیاسی دیاریکراو و رۆشنی نییە. وە مەوقعیەتەکەی لە هیچ روویەکەوە لەو ئاستەدا نییە، بتوانێت ببێتە یاریزانێکی جوڵاو لەناو ئەو ئاڵوگۆرانەدا، بۆیە ناچارە وەکو هەمیشە لە لەلایەکەوە لە چاوەروانیدا بمێنێتەوە و لەلایەکی تریشەوە خۆی بە لایەکی ناو یاریزانەکانی ناوچەکە هەڵبواسێت. لەو نێوەدا دەسەڵاتی بۆرژوازی کورد جگە لە خۆبەستنەوە و خۆ گرێدانەوە بە دەسەڵاتی گەندەڵ و فشەڵی بەغداوە، هیچ رێگاو دەروازیەکی تر و پرۆژەیەکی تری نییە.

جیا لەوەی کە پارتی و یەکێتی لە جەرگەی ئاڵوگۆرەکانی ئێستای ناوچەکەدا، هیچ پرۆژەو ئاسۆیەکیان نییە، لە سەر ئاستی هەرێمی کوردستانیش، دەرگیری سەرەکیترین گرفتن، کە پشتی ئەوانی خاڵی هێشتۆتەوە. دەسەڵاتی پارتی و یەکیتی و هاوبەشەکانیان، نەک هیچ متمانەیەکیان لای زوربەی هەرەزۆری خەڵکی کوردستان نەماوە، بەڵکو رووبەروون لەگەڵ تورەییەکی قوڵی جەماوەری و زیاتر لەوەش خەڵکی هەرێمی کوردستان، خوازیاری کۆتایهینان بەو دەسەڵاتەن، کە بۆتە مۆتەکەیەکی قێزەون بەسەر ژیان و گوزەران و ئاینندەی سیاسیانەوە. وە هەموو تاڵە داوەکانی دروستکردنەوەی متمانەش لەوە لاوازترن جارێکی تر بتوانن متمانەی ئەم دەسەڵاتە بۆ خەڵک بگێرِنەوە. تەنانەت فایلی هەرەشەی دەرەکیش لەسەر هەرێم، کە هەمیشە دەسەڵات بۆ ترساندنی خەڵک بەدەستیەوە گرتووە، کەس ناجوڵێنی.

هاوکات ئۆپۆزیسیۆنی بۆرژوازی کورد، لەوە لاوازترو بەپێی کارنامەیەکیش کە خستوەیەتە روو، زۆر لەوە بودەوڵە ترە، کە هەم پرۆژەی جیاوازو ئاسۆی جیاوازی لەسەر پرسە بنەرەتیەکان لەگەڵ دەسەلات هەبێت و هەم بتوانێت جەماوەری نارازی لەدەسەڵات لە دەوری خۆی کۆبکاتەوە.

ئەمریکاو غەربیش، وەکو جاران و پێشوو لە پێگەی پارتی و یەکێتی و دەسەڵاتی بۆرژوازی کورد نارِوانن و پشتیوانی ناکەن، بەڵکو کارێکی سەرەکیان بە بوونی ئەوان نەماوە. زۆرتر مامەڵەکردنیان لەگەڵ بەغدا و لەوەش گرنگتر دەسەڵات لەویَ بۆ گرنگە و هەوڵیان ئەوەیە وەکو دۆستی خۆیان بیهێڵنەوەو هیندەی بکرێت لە ژێرِ هەژموونی ئیران دوری بخەنەوە و رۆڵی روسیاو چینیش بۆ کەڵک وەرگرتن لە عیراق، کەنار بخەن و رِیگری لیَ بکەن.

هەوڵەکانی پارتی و یەکیتی بۆ دەرچوون لەو ئەزمەو بیَ ئاسۆییە، و لەو نێوەدا ئاسایکردنەوەی پەیوەندییەکانیان، تا رادەی دەست بەکاربوون بۆ ئیمزاکردنی رێکەوتنی ستراتیجی نویَ، دەبیَ لەدڵی ئەو ئاڵوگۆرو ئەوزاعە تازەیەدا تەماشا بکرێت.

هەروەها ئاڵوگۆر لە تەلاری رێکخراوەیی هەردوو حزبیشدا، فاکتەرێکی نوێیە بۆ مامەڵەی نویَ لەگەڵ یەکتری... یەکێتی بەدوای کۆنگرەی چوارەوە یەکێتیەکی تازەیەو رایەڵ و تاڵەکانی بە یەکێتی پێشووەوە، میراتێکی میژووی دیاریکراوە بۆ مانەوە وەکو ژمارەی شەهید و داستان و جەنگی دەسەڵات، بەڵام دابرانێکی سەرەکی لەگەڵ خودی یەکێتی پێشوو هەیە. بۆ پارتیش بەهەمان شیوە، بەدوای دوا کۆنگرەوە، پارتی لەهەلومەجیکی راگوزەردایە... چۆن یەکێتی دوای تاڵەبانی، یەکێتیەکی ترەو و بەهەمان شیوە پارتی دوای کۆنگرە، پارتی، دوای مەسعود بارزانییە...

گوشارەکانی یەکێتی بۆ سەر پارتی و لەژێر ناوی راستکردنەوەی رِێرِەوی چەوتی حکومرانی و راستکردنەوە ناو هاوسەنگی دەسەڵات و نەرمی و ئامادەیی پارتی بۆ وەڵامدانەوە بە خواستەکانی یەکێتی، ریشەیان لەو ئاڵوگۆر و هەرەشانەدایە کە لەسەر دەسەڵاتیان هەیەو دەیانەوێت توانایەکی بەرگری کارانە بۆ مانەویان بەدەستەوە بگرن. لەناو ئەو هەرەشە هەمەلایەنە جیهانی و ناوچەیی و ناوخۆیەدا، پرسی بنبەست لە بەرِێوەبردنی کۆمەڵگە و گۆرِانی قیبلەیان بۆ بەغدا و بزوتنەوەی نارەزایەتی جەماوەری و نەمانی هیچ دەروازەیەک بۆ خاوکردنەوەی نارەزایەتی جەماوەری... گرفتە هەرە بناغەیی بەردەم پارتی و یەکێتین.

پارتی و یەکیتی دەتوانن، لە ئاستی هەرێمدا رِیکەوتنامە تەنانەت ریکەوتنی ستراتیجی تریش مۆر بکەن، بەڵام ناتوانن ناکۆکیەکانیان کۆتایی پیَ بهێنن، چونکە پایەکی سەرەکی هیشتنەوەی هەیمەنەی خۆیان بەسەر ئەو هێزەی لەگەڵیانە، دەستگرتنە بە بەشێک لە ناکۆکییە کۆن و میژوویەکان و بەشێک لە ناکۆکی بەردەوامی ئێستایی. رِیکەوتنی ستراتیجیش یان هەر رِیکەوتنێکی تر بۆ پارتی و یەکیتی، دابەشکردنەوەی دوبارەی بودجەو دەست بەسەراگرتنی داهات و پۆست و بەفەرمی ناسینی پیگەی حزبییە بەسەر زۆنەکاندا، لەگەڵ داننانیان بە بەحکومەت و پەرلەمانی کارتۆنیدا، بۆ شێواندنی رای گشتی ناوخۆ و دەرەوە. وە ئەو راستیە دەزانن کە چارەنووسی سیاسیان بەندە بە یەکتریەوە. ئەمرِۆ بەوە گەیشتون، کە مانەوەی هەر کامیان و هەر زۆنێک بەندە بەمانەوەی هەردوولایان، لەدڵی هەلومەرجی ئیستادا. هیچ لایەکیان بەتەنها شانسی گەرانەوە و خۆبەستنەوەی بەغداوەی نییە، و هیچ کامیشان بەتەنها ناتوانن وەڵام بەداواو ویستەکانی نوێنەری نەتەوەیەکگرتوەکان هەرەشە بەردەوامەکانیان بدەنەوە، بۆیە ناچارن چوارچێوەیەکی تر بە رِیکەوتن و ململانێکانیان بدەن... ئەو هەوڵانەی ئیستای هەردوولا بۆ رِیکەوتن، هەوڵی پاراستنی دەسەڵات و مانەوەیە، لە جەرگەی هەلومەرجی ئێستادا.

**ناوەراستی جەنیوەری ٢٠٢٣**

**پارتی و یەکیتی دەتوانن، لە ئاستی هەرێمدا رِیکەوتنامە تەنانەت ریکەوتنی ستراتیجی تریش مۆر بکەن، بەڵام ناتوانن ناکۆکیەکانیان کۆتایی پیَ بهێنن، چونکە پایەکی سەرەکی هیشتنەوەی هەیمەنەی خۆیان بەسەر ئەو هێزەی لەگەڵیانە، دەستگرتنە بە بەشێك لە ناکۆکییە کۆن و میژوویەکان و بەشێك لە ناکۆکی بەردەوامی ئێستایی. رِیکەوتنی ستراتیجیش یان هەر رِیکەوتنێکی تر بۆ پارتی و یەکیتی، دابەشکردنەوەی دوبارەی بودجەو دەست بەسەراگرتنی داهات و پۆست و بەفەرمی ناسینی پیگەی حزبییە بەسەر زۆنەکاندا، لەگەڵ داننانیان بە بەحکومەت و پەرلەمانی کارتۆنیدا، بۆ شێواندنی رای گشتی ناوخۆ و دەرەوە ...**

## دریژەی...کۆبونەوەی نارەزایەتی خەڵکی پێنجوین، بۆ داخوازییەکانیان دریژەی هەیە

لەم سەرمای زستانە و بەتایبەتیش پێنجوین کە ناوچەیەکی سنورییە و ئاستی سەرما لە زستاناندا دەچیتە خوار ١٠ پلەی سەدییەوە، پێویستی زۆتری بە کارەباو وسوتەمەنی و خزمەتگوازی هەیە، کەچی دەسەڵاتداران و بەرپرسەکانیان کە هیچ کات خەمی سەرما و گەرماو سوتەمەنی و کارەباو خزمەتگوزارییە زۆر باشەکانیان نییە، خۆیان لە دابینکردنی سەرەتاییترین خزمەتگوزاری بۆ خەڵکی مەینەتبار جەماوەری بەشمەینەتی کوردستان دەدزنەوە. جەماوەری پێنجوین، لە بەرامبەر بەم دۆخە و بۆ گۆڕینی هاتوونەتە مەیدان و بەڵێنیان داوە تا داخوازییەکانیان بۆ جێ بەجێنەکرێت، دەست لە کۆبونەوەی نارەزایەتی هەڵناگرن. خۆپیشاندەرانی پێنجوێن ڕیگای نێوان سلێمانی و پێنجوینیان داخستووە و ڕێگەنادەن سەیارە بارهەڵگرەکانی دەسەڵات و کۆمپانیاکان، هاتوچۆ بکەن. تا لەوە حاڵی ببن کە ناوچەی پێنجوین چ جێگایەکی وەکو سەرچاوەی داهات بۆ ناوچەکەو هەرێم هەیە.

دیارە ناوچەی پینجوین دەروازەیەکی سنورییە، یەکێکە لەو دەروازانەی کە سەرچاوەیەکی باش بۆ داهاتی هەرێم و بەتایبەتیش بەتایبەتیش زۆنی سەوزە، کەچی لە جێگای ئەوەی پاداشتی خەڵکی ناوچەکە بدەنەوە و ڕیگاو بان و خزمەتگوزاری هەمەلایەنە و پێویستی بۆ زامن بکەن، بە تەواوی پشت گوێ خراوەو یەکێکە لەو ناوچانەی کەکەمترین ئاوڕ لە ژیان و گوزەرانی هاوڵاتیانی و خزمەتگوازرییەکانی دەدرێتەوە.

خۆپیشاندان و داخوازییەکانی جەماوەری بەش مەینەتی پێنجوین، هێندە رەوان، کە ئەو ڕەوایەتییە وای کردووە خەڵکی ناوچەکە بەوپەری تواناو ورەی بەرزەوە بەدژی ئەو دۆخە بێنە مەیدان و بەڵێنی بەردەوام بوون بدەن تا داخوازییەکانیان بۆ زامن دەکرێت.

خەڵکی شارو شارۆچکەکانی تری کوردستان، کە وەزعیان لە پێنجوێن باشتر نییە و بەدەست نەبوونی سەرەتاییترین خزمەتگوزارییەکانی وەکو ئاو و کارەبا، سوتەمەنی و تەندروستی و ...تا دەناڵێنن، پیویستە پشتیوانی لەخۆپیشاندان و نارەزایەتی خەڵکی پێنجوێن بکەن و بەم کارەشیان دەتوانن ببنە گوشار بۆ سەرخستنی نارەزایەتی ناوچەی پینجوێن و هاوکاتیش بۆ ناچارکردنی دەسەڵات تا وەڵام بەداخوازییە فەرمۆشکراوەکانی خۆشیان بداتەوە. زامنی سەرکەوتنی نارەزایەتی و ناچارکردنی دەسەڵات بەوەی چیتر خۆی لە زامنکردنی خزمەتگوزارییەکان نەدزێتەوە، بەردەوامی و هاوئاهەنگی نێوان شار و شارۆچکەکان و پشتیوانییە لە داخوازی یەکتری و هاوکات خۆرێکخستن و لەدەوری یەکتر بوون و هەڵبژاردنی نوێنەرانی دڵسۆزی خۆیانە، وەکو ڕابەری سەرخستنی نارەزایەتیەکانیان لە پێناو خواستە رەواو ساکارەکانی خۆیاندا.

## دریژەی...تاڵانی و دزی لە زمانی خۆیانەوە..

یەکێتی و پارتی و گۆڕاند هەن، کە فڕیان بە ئابورییەوە نییە. ئەم لێدوانەی مەلا بەختیار و ئەو هەموو لێدوانانەی تر کە خودی بەرپرسانی حزبی و حکومی و ئەندام پەرلەمان و وەزیر و گزیر و بەڕێوەبەرە گشتییەکان، رۆژانە سەبارەت بە دزی و تاڵانی دەیخەنە روو، هێشتا گۆشەیەکە لە دزی و تاڵانییەکی بەرفراوان و سیستماتیک کە حزبەکانی بزوتنەوەی کوردایەتی و بەرپرسەکانیان ئەنجامی دەدەن. هاوکات هێشتا ئەو بەرپرسانە خۆیان لە ڕاگەیاندنی و ناو ناونیشانی کەسەکان و خستنەرووی چۆنیەتی دزییەکان بەدوور دەگرن و بەرژەوەندیەکانیان وا دەخوازێت تەنها بەشێوەی گشتی و بێ خستنەرووی وردەکاری تاڵانیەکان، ڕەزایەت بدەن.

دیارە ئەگەر کەسانێک هێشتا بۆیان پرسیارە بۆچی تادێت ڕێژەی هەژاری هەڵدەکشێت و بۆچی بێ دەرەتانی و نەبوونی یەخەگیری زوربەی زۆری خەڵکی کوردستانە، تەنها ئەو ئامارە کە مەلا بەختیار و بەرپرسەکانی تر دەیخەنە ڕوو، بەسە بۆ تیگەیشتن لە واقعیەتی پشتی ئەم دۆخە نەخوازراوە. حزبەکانی دەسەڵات و ئۆپۆزیسیۆنە بودەڵەکەی بزوتنەوەی کوردایەتی، بەجیا لەوەی خۆیان نوێنەری چینی سەرمایەداری کورد و کۆمپانیاکان دەکەن، هاوکات خۆشیان وەکو حزب و بەرپرسەکانیان بوونە کۆمپانیایەکی گەورەی هەڵلوشینی قوتی چینی کریکار و جەماوەری بەش مەینەتی کوردستان.

دیارە چ مەلا بەختیار و چ بەرپرسەکانی تر باسی دزییەکی تری بەیاسایی کراو ناکەن کە لەدنیادا کەم وێنەیە... موچە و ئیمتیازاتی بەرپرسە حکومیەکان، لە وەزیرەکانەوە بۆ بەڕێوەبەرە گشتیەکان، تا دەگاتە ئەندام پەرلەمان و بەرپرسە ئەمنی و سەربازییەکان، بە ئەندازەیەک جیاوازی لەگەڵ موچەی کرێکاران و کارمەندان، هەیە کە زیاتر لە دەقات و بیست قات زیاترە... ئەوە بەجیا لە دەیان ئیمتیازاتی تر کە ئەوە بەیاساییکراوە. بوون بە وەزیر و ئەندام پەرلەمان، بە سادەیی یانی بوون بە ملیۆنیر، هەر ئەو هۆکارەشە پرسی فرۆشتنی پۆست و کڕینی ئەم پۆستانە بۆتە نۆرم و کەسێک بۆ ئەوەی ببێتە ئەندام پەرلەمان یان وەزیر و گزیر، دەتوانێت چەندی بوێت پارە تەخشان و پەخشان بکات، کەدواتر بە سانایی دەیدەنەوە... هەروەها کاتێک ئەم لەشکرەش خانەنشین دەبن دیسان، موچەی خانەنشینی و ئیمتیازاتەکانیان بەدەیان قات زۆرترە لە موچە کرێکار و کارمەندان کە رۆژانە کۆمەڵگە لەسەر شانی ئەوان دەچەرخێت.

ئەو دانپایانانەی مەلا بەختیار و بەرپرسانی تر، بەو دزی و تاڵانە ئاشکرایەو دروستبوونی توێژێکی بەرینی چەتە، بەسە بۆ ئەوەی خەڵکی کوردستان بریاری راماڵینی ئەم دەسەڵاتە هەرچی زووە لە خواستەوە بکەنە کردار و کۆتایی بەو دەسەڵاتە تاڵانچی و دزە بهێنن و سامانی دزراوی جەماوەری بێبەش بۆ خەزینەی گشتی بگێرنەوەو دزەکانیش، رادەستی یاسای شارستانی بکەن.

## هێزەکانی بۆرژوازی کورد، یادی قاسم سلێمانی جەلادیان، کردەوە...

لەم چەند رۆژەی رابردوودا یادی سێهەمین ساڵیادی تیرۆری قاسم سلێمانی یەکێک لەسەرە تاوانکارەکانی میژووی ئێران و ناوچەکە، لە بەشێک لە شارەکانی عیراق و کوردستاندا کرایەوە.


یادکردنەوەی قاسم سولەیمانی و لەوەش زیاتر بە شان و باڵ هەڵدان و پیرۆزکردنی مێژو و رۆڵ و نەخشی ئەو، بەیانی هیچ شتێک ناکات جگە لە خستنەرووی واقعی ناسنامەی ستایشچیەکانی. هەموو ئەو حزب و لایەن سیاسی و کەسایەتیانەی لە مەراسیمی یادی قاسم سولەیمانیدا ستایشی ئەو سەرە گەورەی تیرۆریستەیان کرد، بی هیچ ئەمما و ئەگەرێک، پشتیوانی ئاشکرای خۆیان لە تیرۆر و تیرۆریزم دەمەزەرد کردەوە. قاسم سولەیمانی بە گەواهی هەموو خەڵکی ناوچەکە، یەکێک لە مۆرە راسپێردراوەکانی جمهوری ئیسلامی بوو بۆ دەستێوەردان لە کاروباری سیاسی و سەربازی و ئەمنی لە تەواوی ناوچەکەدا، بەتایبەتش لە رۆژهەڵاتی ناوەراست و بە دیاریکراویش لە سوریا و عێراق و کوردستاندا. ئامادەیی قاسم سلێمانی و دەستێوەردانەکانی لەلایەکەوە بۆ جێخستن و بەهیزکردنی پیگەو رۆڵی جمهوری ئیسلامی، لەناوچەکە و لەلایەکی تریشەوە بەهیزکردن و پشتیوانی کردن بوو لە هیزو رەوتە سیاسی و تیرۆریستیەکانی جمهور ئیسلامی لە وڵاتانی ئەزمەگرتووی رۆژهەڵاتی ناوەراستدا. دەستێوەردانەکانی ئیران و قاسم و سولەیمانی یەکێک لە هۆکارە سەرەکیەکانی نائەمنکردن و نائارامکردن و چاندنی تۆویی دوبەرەکایەتی و قڵشت دروستکردن بوو لەسەر بنەمای تایفی و دینی و مەزهەبی و قەومی و سەرچاوەیەکی بەیەکدادانە ناوخۆییەکان و شەری تایفی و پەرەدان بە تیرۆر و تیرۆریزم و میلیشیا تیرۆریستەکان بوو، کە لە ریگایەوە بە هەزاران ئینسان تیایدا بوونە قوربانی.

ناو و کارنامەی قاسم سولەیمانی لەگەڵ تیرۆر و نائەمنی و سەرکوت، بە بیر دێتەوە. بەڵام قاسم سولەیمانی هەر تەنها فەرماندەیەکی سیاسی و سەربازی و نێردراو بۆ دەرەوەی سنورەکان نەبوو، تەنها ئەندازیاری هەناردەی تیرۆر و کوشتار و نائەمنی و دنەدەری جیاوازی دینی و مەزهەبی و تایفی و قەومی نەبوو، هەر کاراکتەرێکی جەنگی ناوخۆیی لە وڵاتانی ناوچەکە نەبوو، تەنها پشتیوان و دروستکەری هیزو میلیشیا شیعی و ئیسلامیەکان نەبوو، هەر تەنها تیرۆریستیکی ناوچەیی و ناوێکی دیاری تیرۆر نەبوو، بەڵکو هاوکات یەکێک لە درندەترین فەرماندەی سەرکوتی بزوتنەوەی نارەزایەتی جەماوەری لە ناوخۆی ئیرانیشدا بوو، هیچ بزوتنەوەیەکی نارەزایەتی بەدژی جمهوری لە ئیراندا نەبووە، کە قاسم سولەیمانی ریگای سەرکوتکردن و لەخوێن هەڵکێشانی لەدژی نەگرتبێتە بەر، سەرکوتی خۆپیشاندانە جەماورییەکان، سەرکوتی بزوتنەوەی شۆرشگێرانەی خەڵکی کوردستان، تا دەگاتە بەشداری لەسەرکوتی بزوتنەوەی نارەزایەتی جەماوەری لە عێراق و هاوکات رۆڵی سەرەکی بووە لە تیرۆرکردنی دەیان و سەدان کادر و ئەندام و لایەنگری هیزەکانی ئۆپۆزیسیۆنی ئێرانی و لەشکرکێشی بۆ سەر هەڵەبجە و کەرکوک و ... تاد کە جینۆسایدی بەعسی بەسەر خەڵکی هەڵەبجەو کوردستاندا هێنا. ئەم سەرە تاوانکارە، لەلایەن هەموو بزوتنەوە جەماوەری و ئازادیخواز و پیشکەوتنخوازەکانەوە، لە ئیران و عێراق و کوردستان و تەواوی ناوچەکەوە داواکراو بوو، وە دەبوو لە دادگایەکی ئاشکرای جەماوەرییدا سزای تاوانکارییەکانی وەربگرێت، بەڵام جەنگ و ململانێی نیوان ئەمریکا و غەرب لەگەڵ دەسەڵاتی ئێران، ئەو دەرەتانەی لە جەماوەر و بەرەی ئازادیخوازی سەندەوە تا سزای شۆرشگێرانەی بدەن، و لە جێگاییدا لە کردەوەیەکی تیرۆریستی ئەمریکی و غەربی و هاوکارە ناوخۆیەکانی لە عێراقدا کوژرا. بێگومان دنیا و ناوچەکە بەبێ قاسم سلێمانیەکان ئارامتر و باشترە، بەڵام ماشێنی دروستکردن و پەرەوردەکردنی قاسم سولەیمانیەکان لە ناو نیزامی سیاسی ئیران و نەزمی ئەمرۆی دنیای سەرمایەداریی و رژێمە سیاسیەکانیدا، دەچەرخێ.

قاسم سولەیمانی کوژرا، بەڵام میراتگرانی مەراسیمی شکۆ بەخشینی بۆ ساز دەکەن، پەروەندەی ئازایەتی و میداڵی ئاشتیخوازی لەناوچەکەدا ئاوێزانی گەردنی دەکەن... کارنامە نەنگینە خوێناوییەکەی دەشارنەوە و وەکو رەهبەری بەرگری لە ئوممەت!!، دەیناسێنن. چ شەرماوەریەکە.... جەلاد بە قوربانی و تیرۆریست بە ئاشتی خواز... بخەیتە ڕوو.

دیارە ئاساییترین کار ئەوەیە میراتگرانی تیرۆر و تیرۆریزم ساڵیادی گەورە تیرۆرستان و رابەرانیان بکەنەوە، یادکردنەوەی قاسم سولەیمانیش لەلایەن ئەو حزب و رێکخراو کەسایەتیانە لە عێراق و کوردستاندا، دەچێتە هەمان چوارچێوەوە. ئەوانەی یادی قاسم و سولەیمانیان کردەوە و ستایشی رۆڵ و کەسایەتی ئەویان کرد، ئەوانەن کە جارێکی تر دوژمنایەتی خۆیان لەگەڵ هەموو ئازادی و ئازادیخوازی و ئینسان دۆستی وژیان دۆستیەک خستەوە روو. دیارە ئەوانە بەو ئەندازەیەی لە ستایشی قاسم سولەیمانیدا وەستان، بە هەمان ئەندازە دوورن لە خواست و ویستی ئازادیخوازی و جەماوەری تینوی کۆمەڵگەیەکی ئازاد و بەرابەر و تەسەل.

بزوتنەوەی شۆرشگێرانە بۆ روخاندنی جمهوری ئیسلامی لە ئێراندا، درێژەی جەنگ و بەرامبەرکی جەماوەرییە بەدژی دەسەڵاتی قاسم سولەیمانیەکان و نیزامە دەستخوێناویەکەی. سوتاندن و هێنانەخوارەوەی پەیکەرەکانی قاسم سولەیمانی، جگە لە نەفرەت لە سیما و کارکتەرێکی تیرۆریست و ئینسانکوژ و دژە ئازادی لە ئیراندا، هاوکات نەفرەتە لەدژی هەموو ئەوانەی ستایشی ئەم سەرە تاوانکارە تیرۆریستیە دەکەن لە هەر جێگایەک بن... دیارە بە روخانی جمهوری ئیسلامی ئەو هێز و حزب و رێکخراو کەسایەتیانەش کە چارەنووسی سیاسی خۆیان بەم رژێمەوە گرێداوە، هەمان چارەنووسی جمهوری ئیسلامی چاوەڕوانیان دەکات.



# ئایا خرۆشانی خەڵکی ئێران پاش ١١٨ ڕۆژ لە خۆپیشاندان و مانگرتن چ گورزێکی لە بناغەکانی سیستەمی ولایەتی فەقێ داوە؟

## نووسینی: توانا حەمە نوری

نزیک لە چوار مانگە ڕاپەڕینێکی مەزن بە پێشڕەوی ژنان بۆ ڕزگارکردنی خۆیان و هەموو مرۆڤەکانی ژێر چەوساندنەوە و ئیستغلالکردن لە کۆت و بەندەکانی دەسەڵاتی بۆرجواژی کۆماری ئیسلامی دەستیپێکردووە. ڕاپەڕینێک کە میحوەرەکەی "ژن ژیان ئازادی" یە و یەکێک لە ئامانجە سەرەکییەکانی ڕوخاندنی کۆماری ئیسلامییە.

ڕەنگە هەندێک بە زەحمەتی بزانێ کە خۆپیشاندەرانی بێچەک، هەرچەندە ژمارەیان زۆر بێت، بتوانن حکومەتێکی هار و دڕندە و سەرتاپا سەربازی بروخێنن. کاتی خۆشی نارەزایەتییەکان دژ بە دەسەڵاتی پاشایەتی لە ئێران بە هەمان شێوە بەدوور دەزانرا کە سەرکەوتوو بێت. بەڵام خۆپیشاندانەکان بۆ چەند مانگێک لە سەرانسەری وڵاتدا بڵاوبۆوە پاشان مانگرتنەکان دەستیان پێکرد. هێزە ئەمنییەکان وایان لە خەڵک دەکرد لە شوێنێکی کاردا بگەڕێنەوە سەر کارەکانیان، بەڵام کاتێک هێزەکان دەچوونە شوێنی داهاتوو، شوێنی پێشوو مانیان دەگرتەوە. تەنانەت بە چوارەم گەورەترین سەربازی جیهانیشەوە، دەسەڵاتی پاشایەتی ئێران ئەوەندە کارمەندی ئەمنی نەبوو کە بتوانێت بە یەکجار و لە یەک کاتدا هەمووان ملکەچ بکات.

هەرچەندە لە ماوەی ئەم چوار مانگەدا، کۆماری ئیسلامی تاوانی گەورەی لە دژی ئازادیخوازان، شۆڕشگێڕان، ژنان، هەرزەکاران و گەنجان و خەڵکی ناڕازی ئەنجامداوە، بەڵام ئەم ڕاپەڕینە مەزنە ئەم گورزانەی خوارەوەشی لە ڕژێمی ئیسلامی ئێران داوە:

**یەکەم:** لەم خرۆشانە جەماوەرییەدا هەیبەت و هەژموونی خامنەیی لە ناوەوە و دەرەوەی سیستەمەکەدا زیانی پێگەیشتووە و دروشمی "مەرگ بۆ دیکتاتۆر" و "مەرگ بۆ خامنەیی" کۆمەڵایەتی بووە.

**دووەم:** سەرکوتکردن وەک چەکی سەرەکی و گەرەنتی مانەوەی سیستەمەکە لێی دراوە و خەڵک دیواری ترسیان بڕیوە و ئامێری سەرکوتکەر ناتوانێت ئەم خرۆشانە ڕابگرێت. دەسەڵات سەرەڕای کوشتن، زیندانیکردن، دەستدرێژی سێکسی، ئەشکەنجەدان و لەسێدارەدان کەچی خۆپیشاندەرانی نەترساندووە و خۆپیشاندان و هاتنە سەر شەقام بەردەوامە.

**سێیەم:** فریودان، کە هەمیشە هاوتەریب لەگەڵ سەرکوتکردن خزمەتیان بە دەسەڵات کردووە، کەوتووە و چیتر خەڵک فریو ناخوات.

**چوارەم:** سیاسەتی ڕازیکردن Carrot – – policyکە هەمیشە خزمەتی بە ڕژێم کردووە، بۆ ڕژێم دەرکەوتوە کە سوودی نەماوە و ڕۆژ بە ڕۆژ ڕژێم خۆی لێ دوور دەخاتەوە.

**پێنجەم:** ئابووری ڕژێم کە زامنی درێژەی سەرکوت و تیرۆریزمی ڕژێم بووە لاواز بووە، چونکە ئابووری ئێران لە ژێر گەمارۆی درێژخایەنی ئەمریکا و خراپ بەڕێوەبردنیدا سست بووە.

**شەشەم:** خرۆشانی خەڵک ناکۆکی خستۆتە نێو دڵی دەسەڵاتەوە؛ بۆ نمونە باڵێکی نێو ڕژێم دەڵێن چاو بە یاسای حیجابدا دەخشێنینەوە و ڕۆژێکی تر دەڵێن دەبێ گوێ لە خەڵک بگرین و گفتوگۆیان لەگەڵ بکەین.

**حەوتەم:** چوار مانگ دوای مردنی مەهسا ئەمینی، نارەزایەتییەکان زیاتر لەهەر نارەزایەتییەکی جەماوەری پێشووتر لە دوای شۆڕشی ساڵی ١٩٧٩، بەردەوامە.

**هەشتەم:** چاوخشاندنێک بە میدیا جیهانییەکان دۆخی ڕژێم دەردەخات:

**ئەسۆشێتد پرێس:** ئەو خۆپیشاندانانەی لە مانگی ئەیلولەوە دەستی پێکردووە، ئێرانی هەژاندووە.

**لۆمۆند:** ڕژێمی ئێران بە بنبەست گەیشتوە؛ داواکاری جێبەجێ بکات، داواکارییەکان زیاتر دەبن؛ جێبەجێی ناکات، نارەزایەتییەکان بەردەوام دەبن.

**فیگارۆ:** خۆرئاوابوونی ڕژیمی ئێران بەڕێوەیە.

**گاردیان:** خەڵکی ئێران دەیانەوێت لەلایەن کەسانێکەوە بەڕێوە ببرێن کە بتوانن هەڵیانبژێرن و هەرکاتێکیش بیانەوێ لە کارەکانیان دووریانبخەنەوە، نەک لەلایەن پیاوە پیرۆزە گومانباوییەکانەوە کە دەسەڵاتێکی ڕەهایان هەیە بۆ لێکدانەوەی دەقە پیرۆزەکان. مرۆڤی ئێرانی دەیەوێت ئازاد بێت.

**کانوونی دووەمی ٢٠٢٣**



# بایس لە نێوان شاعیران و ئایینزاکاندا

## نووسینی: دلێر محەمەد نوری

لە کۆتا ڕۆژەکانی ساڵی ٢٠٢٢ دا، ئەکتەری کۆمێدی و ڕاگەیاندنکار و چالاکوانی بواری توندوتیژی خێزانی و ئازادی ڕادەربڕین، شابانا ڕەحمانی بە ڕەچەڵەک پاکستانی، لە تەمەنی ٤٦ ساڵیدا، بە کاریگەری نەخۆشی شێرپەنجە، لە وڵاتی نەرویجدا، کۆچی دوایی کرد. ئەگەرچی شابانا لە زیاتر لە بوارێکی کۆمەڵایەتی و کولتوری و میدیایی، تا دوا ڕۆژەکانی تەمەنی چالاک بوو، بەڵام ئەوەی شاباناى بە دونیا ناساند هەندێ هەڵسوکەوت و ئاکتی سەیر و چاوەڕوان نەکراو بوون، کە وەکو ڕەخنەیەک لە پیشخانی کولتوری و ئایینی خۆی دەیگرتن. شابانا کە بە یەک ساڵی و لە ١٩٧٧دا لە گەڵ خێزانەکەیدا لە پاکستانەوە، ڕوویان لە وڵاتی نەرویج کردبوو، ئەو کەسە بوو کە لە ساڵی ٢٠٠٤ بە بۆنەی بڵاوبوونەوەی کتێبێکی مەلا کرێکار بە زمانی نەرویجی، لە کۆڕێکدا هاتە سەر سێنەکە و نزیک بووەوە لە مەلا کرێکار و وتی با ئێستا بزانین کە ئایا مەلا کرێکار کە بەو جۆرە توندڕەوە باسی لێوە ئەکەن، هەر بەڕاست وایە؟ دواتر باوەشی کرد بە مەلا کرێکاردا و بەرزی کردەوە. شابانا لە دژی توند و تیژی و نایەکسانیدا، جارێکی دیکەش لەسەر سێنەدا، بۆ نارەزایی دژی قەدەغەی پەیوەندییە ڕووحییەکانی نێوان کوڕانی نەرویجی و کچانی پاکستانی لە لایەن خێزانە موسوڵمانە پاکستانییەکانەوە، وتی: ئەگەرچی ڕەنگە ماچکردنی کچێکی پاکستانی لە لایەن کوڕێکی نەرویجییەوە ئەو کارە مەترسیدارە نەبێت... لەو کاتەدا، پشتی کردە جەماوەر و جلە پاکستانییەکەی بەری خۆی داماڵی و سمتی خۆی بۆ دەرخستن. شابانا زۆرێک لەم جۆرە چالاکییانەی دژی کۆمەڵگەی داخراوی پاکستانی کرد، ئەمەش بووە هۆی ئەوەی پاکستانییەکان ڕقێکی زۆری لێ هەڵبگرن و حاشای لێ بکەن. لە بەدبەختی شابانا لەم چەند ساڵەی دواییدا تووشی نەخۆشی شێرپەنجە دەبێت و تا دواجار لە مانگی پێشوودا، هەر بەو هۆیەوە کۆچی دوایی ئەکات .هەر لەم ڕووەوە سەرۆکی ڕێکخراوی ڕاوێژکاری ئیسلامی لە نەرویج (Islam r□d i Norge)کە ناوی فهد قورەیشییە لە پۆستکیدا، لە نێو گرووپێکی داخراوی فەیس بووکدا، نووسیوێتی: مەرج نییە هەموو مردوویەک جێگەی ڕێزلێنان بێت. وەکو ئاماژەیەک بۆ شابانا نووسیبووی هەر کەسێک دژایەتی خوا بکات و لە ئایین و کولتوری خۆی هەڵگەڕێتەوە خودا بەو جۆرە تۆڵەی لێ ئەکاتەوە و ئەیکووژێت. قورەیشی نووسیبووی کە ئەو لە بەرنامەیەکدا قورعانی بەرزکردۆتەوە لەگەڵ مۆمێکدا و داوای کردووە ئەم جۆرە کتێبانە لەم وڵاتە بسووتێنرێ. هەروەها نووسیوێتی کە ئەوا شابانا ئەم جیهانەی جێهێشت و بوو بە بیرەوەرییەک بۆ ئێمەی موسوڵمان کاتێ بیرلە فەرمانەکانی خودا دەکەینەوە، دەبێ مەرگی شابانامان لەیاد بێت. ئەم لێدوانانەی قوڕەیشی لە نەرویج، کاردانەوەی ناوەندە ڕۆشنبیری و ڕاگەیاندنەکانی لێ کەوتەوە وەکو بێڕێزییەک بە مردوو تەماشاکرا و هەر زوو فەهەد قورەیشی ناچار بە پۆزش هێنانەوە و سڕینەوەی پۆستەکەی کرد. لە ڕووداوێکی دیکەش لە باشووری کوردستاندا، کاتێک ڤیدیویەکی فەرهاد سەنگاوی بڵاوبوویەوە، کە وتارێکی دەخوێندەوە و دەستی ڕاستی بەرز دەکردەوە و بە جۆرێکی دیار دەلەرزی، ئەمە وەکو هەنگوینی کلۆرە دار بوو بۆ ئیسلامییەکان، بەجۆرێک لە هەموو لایەک ڕوو بە ڕووی هێرش بووەوە، وەکو ئەوەی پێغەمبەران زیندوو بووبنەوە و موعجیزەکانیان پێشکەش کردبێت. وەکو ئەوەی حەقیقەتی خودایی هەموو لە دەستەلەرزێی فەرهاد سەنگاویدا کۆبووبێتەوە. هەرچی پەیجی ئیسلامی و سەلەفی هەیە بە خۆیان و تارمایی و سێبەرەکانیان، ئەو ڤیدیۆیەیان هێناو، یەکێ بە پرتەپرتی تیرێکی سوری ئاراستەکراو بۆ دەست لەرزینەکەی. یەکێکی دیکەش بە خستنە بازنەی سورەوە. بەم جۆرە ویستیان تۆڵەی ئەو تەحەدایەی لێ بکەنەوە کە وتبووی دەستی من لە دەستی سەحابەکانی ئیسلام پاکترە. سەلەفی و ئایینزاکان بەمە ویستیان ئەوە وا نیشان بدەن کە تۆڵەی خوداییە لە فەرهاد سەنگاوی کراوەتەوە. جێگەی ئاماژەیە کە وشەی بایس لە بنەچەدا وشەیەکی عەرەبییە بە واتای (باعث) بەڵام بەرگی کوردی کراوە بەبەردا، لەبەر ئەستەمی گۆکردنی پیتی (ع) لەلایەن پێشینانمانەوە، وتوویانە بایس، بەڵام ئەمڕۆ بەهۆی ئاشنایی زۆربەمان، بە زمانی عەرەبی، بە ئاسانی ئەتوانین بڵێین (باعیس). کەواتا بیرۆکەکە ئەوەیە کە تۆ بێی کردارێک یان هەڵوێستێک بکەیت بە باعیسی ڕووداوێک، کە لە بنەچەدا هیچ پەیوەندییەکیان پێکەوە نەبێت. ئەسڵی ئەم وشەیەش لە گوزارشتی ئەدەبی (جوانی بایس) ەوە هاتووە، کە بە عەرەبی واتا (حسن التعليل). ئەمەش بەو وێنە شیعرییانە ئەوترێ کە شاعیران بە تایبەتی کلاسیکەکان، پەنایان بۆ بردووە وەکو جوانکاری شیعری، تا لە ڕێگەیەوە، هەم ڕادەی توانای شیعری خۆیان دەربخەن و هەم جوانییەک ببەخشن بە قەسیدەکانیان. جوانی بایس بە کورتی بەوە دەوترێ کاتێک شاعیر بیانوویەک ئەدۆزێتەوە و ئەیکاتە بەڵگە بۆ ڕوودانی دیاردەیەکی سروشتی یان کردەوەیەک کە لە بنەچەدا هۆکاری تری بەڵگەنەویست و سەلمێنراوی زانستی خۆیان هەیە. ناسراوترین نموونەش ئەو دێڕە شیعرییەی نالی مەزنە کاتێ دەڵێت:- لە خەوفی تەلعەتت، ڕۆژ هەر وەکوشێت بە ڕوو زەردی هەڵات و کەوتە کێوان. لێرەدا نالی وەکو جوانکارییەکی ئەدەبی، ڕۆژ ئاوابوون ئەبەستێتەوە بە ترسی خۆر لە ڕکابەری جوانی یارەکەی، لە کاتێکدا ئەشزانێت کە ئەم هۆکارە ڕاست نییە، بەڵام کاتێک تۆی سەلەفی و ئیخوانی و ئایینزا دێی مەرگی شابانا ڕەحمان بەهۆی شێرپەنجە و دەست لەرزینەکەی فەرهاد سەنگاوی بە هۆکاری تەندروستیی ڕوون و ئاشکراوە، دەبەستیتەوە بە هەڵوێست و بیروڕای جیاواز و دژایەتیان لەمەڕ ئایین و ڕەشباوەڕی ئایینییەوە، لەولاشەوە چاوپۆشیکردنت لەوەی کە ڕۆژانە سەددان هەزار ئایین پەروەر و سەلەفی و ئیخوانییش، بە شێرپەنجە و شەکرە و فشاری خوێن و وەستانی دڵ و مێشک دەمرن و توشی دەستە لەرزە و فێ و پەرکەم ئەبن. هەر بۆیە ئەم بیانووەی بۆ شابانا و فەرهادتان هێناوەتەوە ئەچنە خانەی ناشرینی بایسەوە نەک جوانی بایس، ئەگەر نا بۆ پێمان ناڵێن مەرگی ناوەختی ئیمانداران باعیسی چییە؟

******

**پرسی ڕۆژ گۆشەیەکە ئاراس ڕەشید هاوکاری سەرنووسەری بۆپێشەوە ئامادەی دەکات. هەوڵدەدات یەکێک لەپرسە گەرمە سیاسی یان کۆمەڵایەتیەکانی کۆمەڵگەی کوردستان بخاتە بەرباس لە ڕێگەی کەسایەتی سیاسی و کۆمەڵایەتی شارەزا لەو بوارەدا...**

bopeshawa@gmail.com

## جیهاد محەمەد نووسەر و وەرگێر وەڵامی پرسی ڕۆژی ئەم ژمارەیەی داوەتەوە...



**پرسی ڕۆژ: چەند ڕۆژێك پێش کۆتایی هاتنی ساڵی ٢٠٢٢، شاری سلێمانی بووە مەیدانی ڕوودانی نمایشێکی نا مرۆڤانە و ناکۆمەڵایەتی و کۆنەپەرستانە بەبەرچاوی گشت خەڵك لە ناوچەی هوانەی شاری سلێمانی لە بەرامبەر کچێکی گەنج، توندوتیژی بەرامبەری ئەنجامدرا. بەپێی هەواڵەکان لە شارەکانی هەولێر و کەرکوکیش ڕووداوی لەوجۆرە لەناو مۆڵ و سەرشەقامەکان ڕوویانداوە.**

**لەیەکەم هەفتەی ساڵی نوێشدا، لە ڕووداوێکی دیکەدا، و لە گەڕەکی موفتی لەشاری هەولێر کیژۆڵەیەکی تەمەن ١٥ساڵ لەلایەن باوکیەوە بەدڕندانەترین شێوە ژیانی لێدەستێندرێتەوە.**

**هەموو ئەمانە و زۆری تریش دەرحەق بەژنان و تاوانی کوشتنی بەئاشکرای ئینسانەکان لە هەرێمی کوردستان ڕووی لەزیادبووندایە. بەبەرچاوی کۆمەڵگە و دەزگا ئەمنیی و پۆلیس و یاساو داواکاری گشتیەوە ئەنجامدەدرێن.**

**پرسیار ئەوەیە ڕۆڵی یاسا و دادوەری گشتی و پەروەردە و ئادابی گشتی و ئایین و هۆشیاری کۆمەڵگەی هەرێمی کوردستان لە کوێدایە؟ هەروەها تاچەند دەسەڵات و تاکی کوردستان لێی بەرپرسیارە؟**

**جیهاد محەمەد نووسەر و وەرگێر لەوەڵامی پرسی ڕۆژدا بۆی نووسیوین:**

هەرێمی کوردستان، لە بەتاڵاییەکی مەدەنیەت و نەبوونی ئیدارەیەکی لانی کەم هەست بە بەرپرسیارێتییدا ڕۆژگار بەڕێدەکات. ماوەی ٣٠ ساڵ زیاترە، ئیدارەی هەرێمی کوردستان بە ناوی (حکوومەتی هەرێم)ەوە ئیدارە و فەرمانڕەواییەکی گەندەڵ و نابەرپرسیارەتیی خەڵکی کوردستان دەکات. تا بینەقاقا کوردستانیان پڕکردووە لە نادادپەروەریی و نایەکسانیی و هەلاوێردن و پەراوێزخستنی خەڵکی هەژار، لەوەش زیاتر هەلاوێردن و پەراوێزخستنی ژنان.

بەڵام لەگەڵ ئەوەشدا، کۆمەڵێکی زۆر لە ژن و پیاوان و کچ و کوڕە گەنجەکان لەبەرخۆداندان، دژ بە ستەمکاریی و ستەمدیدەیی خەڵك بە گشتی و بە تایبەتی ستەمدیدەیی ژنان.

بە داخەوە، کۆمەڵی کوردستان بە گشتی، کۆمەڵێکی دواکەوتوو و نەخوێندەوار و ناهۆشیارە، کۆمەڵی کوردستان، لەو کۆمەڵانەیە، کە لە دێرزەمانەوە بە پەروەردەیەکی کۆنەباو گۆشکراوە. پەروەردەی کۆنەباو، ئەو پەروەردەیەیە، کە بە ڕێژەیەکی یەجگار زۆر، خەڵك ڕادەهێنێت بیرنەکاتەوە، بەڵکو بیری پێ بکرێتەوە، کولتووری دەسەڵاتی سیاسیی و ئایینی، کە کولتوورێکی ستەمگەرییە بەسەریدا دەسەپێنرێت، کۆمەڵی نەخویندەوار و بیرنەکەرەوەش قبوڵی دەکات.

پەروەردەی کۆنەباو، کە لەبەرژەوەندی دۆخی ستەمگەریی و دەسەڵاتە ستەمکارەکانە، خەڵك ڕادەهێنێت بێدەنگ بن، بترسن لە هەر جۆرە ئازادییەك و لەهەر بەرەنگاربوونەوەیەك دژ بە دەسەڵاتی ستەمکار. کاتێکیش بێتە دەنگ و دژ بە پێشێلکاری مافەکانی بوەستێتەوە، داوای "بوون" ێك دەکات وەك "بوون" ی دەسەڵاتە ستەمکارەکە. کە "بوون"ی دەسەڵاتی ستەمکارە، "بوون"ێکی ساختەیە. خەڵك هاوار دەکات و دەپاڕێتەوە لە حکوومەت کە بەزەییت پیامان بێتەوە، ڕەق بووینەوە لە سەرمادا، برسیمانە، شتومەك گرانە، تکایە موچەمان بدەنێ، تکایە کارەبا و ئاومان بدەنێ. ئەمە بەڵگەیە بۆ ئەوەی کە خەڵك، نەك ڕازییە بەوەی سەروەت و سامانی لێ داگیرکراوە، ڕازیشە بەوەی کە خۆی بووە بە کاڵا و حکوومەت و دەسەڵاتی سیاسیی خاوەنێتی بۆیە لە خاوەنەکەی دەپاڕێتەوە.

حکوومەتی ستەمکاری کوردستان، بێدەنگی خەڵك، پەروەردەی کۆنەباو، ئایین، و سیاسەتێکی چەواشەکاران و نا ئەخلاقیی و نامرۆیی گرتووەتەبەر بۆ سەپاندنی دەسەڵاتی خۆی.

کوردستان پڕ بووە لە ناعەقلانیەت، حیزبە ئیسلامیە سیاسییەکان، سەلەفیزم و ئیخوانیزم و داعشیزم، لە هەڵکشاندایە، هەموو ئەمانە هاوئاهەنگە لەگەڵ نەزانین و نەخوێندەواری خەڵکدا، ئەمانە بوون بە بنەما و پایەیی سەرەکی بۆ درێژەدان بە دەسەڵاتە ستەمکاریەکەی کوردستان. دژە ژن لێرەوە سەرچاوە دەگرێت، دژە ژن بە واتای "پەرتکە و زاڵبە" دێت. لەم ڕێگەیەوە کۆمەڵ دەکەن بە دوو بەشەوە، نێرەکان و بەشی مێینەکان، نێرەکان بۆیان هەیە لە هەموو شوێنێکدا دەرەکەون، مێینەکان تەنها جێگەیان ماڵەوەیە.

ئەم دەسەڵاتە وەك ئاماژەم پێدا، هەموو مەسەلەی یاسا و مەدەنیەت و عەقلانیەتیان شێواندووە. بۆیە هەموو ئەو کوشتن و بڕین و دژە ژنەی لە ئارادایە، خودی دەسەڵات بە هاوکاری و دەست والابوونی ئیسلامی سیاسیی دروستیان کردووە. دەیان کردەوەی نامرۆییانەی وەك هێرشکردنە سەر ئەو کچەی هوانە، لێرەوە سەرچاوە دەگرێت. یاسا و دادگا سەربەخۆ نین، ئەگەر یاسای باشیش هەبێت، کە هەندێك یاسا باشە لە کوردستاندا، بەڵام دەرفەتی جێبەجێکردنی نادەن. بە کوردی و پوختی، خەڵکی کوردستان بە داخەوە ئیرادەی لێ سەندراوەتەوە. عەقڵ و بیرکردنەوەی داگیرکراوە، بیرناکاتەوە لە ئازادبوون. ئازادبوون سەرچاوەی بەختەوەریی و خۆشگوزەرانی و دادپەروەریی و یەکسانییە.

******

# کرێکاران، زەحمەتکێشان، لایەنگرانی وشەو دەنگی ئازاد!

بلاوکراوەی بۆپێشەوە، زمانی تیژ و پاراوی کۆمۆنیستی و ئازادیخوازی ئێوەیە، دەنگ و سەکۆی بزوتنەوەی نارەزایەتی سۆسیالیستیتانە، بەدژی نیزامی زاڵمانەی سەرمایەداری و سەکۆیەکی لێبراوە بۆ رووبەڕوبوونەوەی فکر و ڕاگەیاندنی داررزیوو فریوکارانەی بۆرژوازی و بزوتنەووە ڕەوتە سیاسی و فکری و حزبییەکانی...

بۆ ئەوەی بۆ پێشەوە، بتوانیت نەخشی چینایەتی و ئەرکی پێناسەکراوی خۆی سەرکەوتوانە بباتە پێشەوە، لە هەواڵی نارەزایەتییەکانتان، لە خۆپیشاندان و مانگرتن و خواستەکانتان، لە کێشەو گیروگرفتەکان و ڕێگریەکانی بەردەم خەبات و یەکگرتوویتان، بەردەوام ئاگاداری بکەن... ئەو هەوالانەی حزب و بزوتنەوە و میدیای بۆرژوازی و سێبەریان، دەیانەوێ بەلاڕی، یان پەردەپۆشی بکەن، ئێوە بە ئێمەی بگەیەنن... ئەو ڕاستیانەی ئەوان پەردەپۆشی دەکەن، لە ڕێگای بۆپێشەووەوە، پەردەی لەسەر هەڵبماڵن... هەواڵی نائەمنی شوێنی کار و قوربانیانی، هەواڵی سەرکوت و دزی و تالانی دەسەلات و کۆمپانیاکانیان، هەواڵی توندتیژی دژ بەژنان و قوربانیەکانیان، هەواڵی پێشێلکاری ئازادیە سیاسیەکان، ئازادی ڕۆژنامەگەری و ئازادی مافە فەردی و مەدەنییەکان... بە ئێمە بگەیەنن. بۆپێشەوە، دەنگی سازش هەڵنەگرو سەکۆی ڕاستبێژی و مەیدانێکی گرنگی ئێوەیە، لە پێناو دنیایەکی باشتردا. لەهەر جێگاو گۆشەیەکی ئەم دنیایەن لەپەیوەندی بەردوامدابن لەگەڵیدا...ئەمەی خوارەوە ئەدرەس ئیمێڵ و پێگەی بۆ پێشەوەیە..

bopeshawa@gmail.com

www.bopehsawa.net



# قەیرانی ئابووری و مانگرتنی کرێکارانی بەریتانیا.......

## لیستی تەواوی مانگرتنەکان

قەیرانی تێچوی ژیان کرێکاران و خەڵکی کەمدەرامەتی بەریتانیای ڕووبەڕووی ژیانێکی سەخت و دژوار کردۆتەوە، لەبەر ئەوە زۆربەی سەندیکا و نیقابە کرێکارانی بەریتانیا یا لە مانگرتندان وەیا بەرەو مانگرتن دەچن. لەسەر ئاستی نیشتمانی، پەرستاران لە مانگی پێشوودا مانگرتنێکی بێ وێنەیان ئەنجامدا، ئەوەش یەکەمجار بوو مانگرتنی نیشتمانی لە بەریتانیا ئەنجام بدەن. هەروەها کرێکارانی شەمەندەفەر، ڕۆیاڵ پۆست، پەرستاران، فریاگوزاری سەرەتایی، هێزی سنووری، پشکنەرانی شۆفێری، شۆفێرانی پاس، چارەسەرکەرانی فیزیۆتێراپی و چەندانی تر مانیان گرت.

لێرەدا ئەو مانگرتنانە دەخەمە ڕوو کە لە ناوەڕاستی ساڵی ڕابوردوو دەستی پێکرد و هەتا سەرەتای مانگی یەکی ئەمساڵیش بەردەوامی هەیە:

یەکەم: سەندیکای شەمەندەفەر، دەریا و گواستنەوە (RMT)جارێکی دیکە دەستیان دایەوە مانگرتن لەسەر مووچە، خانەنشینی، هەلی کار و بارودۆخی کارکردن. 91.7%ی ئەندامانی سەندیکاکە دەنگیان بە 'بەڵێ' دا بۆ مانگرتن وە هەروەها 64% ئەندامانی سەندیکاکە دوایین ئۆفەری مووچەی 5% (2022) + 4% (2023) ڕەتکردەوە. کرێکارانی شەمەندەفەر ڕۆژانی ١٣، ١٤، ١٦، ١٧، ٢٤، ٢٥، ٢٦، ٢٧ی کانوونی یەکەم مانیان گرت. مانگرتنی شەمەندەفەر لەو مانگەدا بە بە شداری سێ سەندیکا RMT)، TSSA، و (Uniteبوو. ناکۆکییەکە، لەسەر کرێ و بارودۆخی کارکردنە. نزیکەی ١٠٠ هەزار کرێکارانی شەمەندەفەر لەم ماوەیەدا لە مانگرتندا بوون.

دووەم: کرێکارانی پۆست ڕۆژانی ١٤، ١٥، ٢٣، ٢٤ی کانوونی یەکەم مانیان گرت، ئەمەش لەسەر زیادکردنی مووچە و خانەنشینی بوو. ئەم مانگرتنە بەردەوامانە سیستەمی پۆستی لە بەریتانیادا پەکخستبوو چونکە پشووەکانی کریسمس سەرقاڵیترین ماوەیە بۆ پۆستەچیەکان لە بەریتانیا. سەندیکای CWUخاوەنی ١١٠ هەزار کرێکاری پۆست ئەندامیێتی.

سێیەم: ١٥ی کانوونی یەکەم، ١٠٠ هەزار پەرستار یەکەم ڕۆژی مانگرتنی نیشتمانیان ئەنجامدا و سەندیکای پەرستاران لە سەرانسەری وڵاتدا دەستیان لە کار هەڵگرت. هەروەها لە ٢٠ کانوونی یەکەم دووبارە مانیان گرتەوە.

لە ٢١ی کانوونی یەکەم، ١٠ هەزار کرێکاری خزمەتی ئەمبولانس مانیان گرت. هەروەها ئەمڕۆ ١١ی کانوونی دووەم ٢٠٢٣ مانگرتنی کرێکارانی خزمەتی ئەمبولانس ئەنجامدرایەوە و بڕیاریشە ٢٣ی کانوونی دووەم ٢٠٢٣ خزمەتی ئەمبولانس دووبارە مانبگرنەوە. کرێکاران دەڵێن ئێمە خەبات دەکەین بۆ بەرزکردنەوەی مووچە و پاراستنی سەلامەتی نەخۆش لە ڕێگەی هاندانی حکومەت بۆ دامەزراندن و ڕاگرتنی ئەو ستافە پەرستاریانەی کە خزمەتی تەندروستی گشتی زۆر پێویستی پێیەتی.

چوارەم: لە ١٣ی کانوونی یەکەمەوە ئەندامانی سەندیکای خزمەتگوزارییە گشتی و بازرگانییەکان (PCS)لە سەرانسەری بەشە جیاوازەکانی خزمەتگوزاری شارستانیدا بە شێوەی جۆراوجۆر و لە ڕۆژی جیاوازدا مانگرتنیان ئەنجامداوە. ئەمەش دوای ئەوەی 86.2%ی ئەندامان دەنگیان دا بۆ مانگرتن بۆ زیادکردنی موچە و دژی هەڕەشەی دەرکردنی بەکۆمەڵ و دەستکاریکردنی سندوقی خانەنشینی. ١٨٠ هەزار کرێکار ئەندامی ئەم سەندیکایەن.

پێنجەم: کرێکارانی پاس ڕۆژانی ١٩، ٢٠، ٢٢، ٢٣، ٢٤، ٢٦، ٢٧ی کانوونی یەکەم و لە میانەی پشووی کریسمسدا شۆفێرانی پاسەکانی چەندین کۆمپانیا بەردەوام بوون لە مانگرتنەکانیان. Unite، ئەو سەندیکایەی خەریکی ڕێکخستنی ئەم مانگرتنانەیە ئەوەی پشتڕاست کردەوە کە ئەندامانی سەندیکاکە زیادکردنی مووچەیان بە ڕێژەی لەسەدا ١٠ی ڕەتکردووەتەوە. کرێکارانی پاس ئەندامی سەندیکای Uniteو ئەم سەندیکایە خاوەنی ١،٤ ملیۆن ئەندامە.

شەشەم: سێ سەندیکای تر داوایان لە ئەندامەکانیان کردوە دەنگ لەسەر مانگرتن یا مان نەگرتن بدەن:
یەکێتی نیشتمانی پەروەردە National Education Unionکە نوێنەرایەتی نزیکەی ٤٥٠ هەزار مامۆستا و کارمەند دەکات. سەندیکای مامۆستایانی NASUWTکە زیاتر لە ٣٠٠ هەزار ئەندامی هەیە، هەروەها سەندیکای بەڕیوەبەری قوتابخانەکانی NAHTکە نزیکەی ٤٥ هەزار ئەندامی هەیە.

شایانی باسە لە سەرەتای مانگرتنەکان دەسەڵات لە بەریتانیا بە توندی بەرانبەر مانگرتنی کرێکارانی شەمەندەفەر وەستایەوە، یەکەم سەندیکا بوون دەستیان بە مانگرتنکرد، تەنانەت هەڕەشەی ئەوەیان کرد کە بە یاسا و بیانوی نا سەلامەت بوونی مانگرتنەکان هەوڵ ئەدەن ڕێگری لە مانگرتنی کرێکارانی ئەو کەرتانە بکەن. سەرباری ئەو هەڕەشانە، لەلایەکی ترەوە حیزبی موحافزینی سەر دەسەڵات لەژێر فشارێکی گەورەدان بۆ ئەوەی دابنیشن و دانوستان لەگەڵ سەندیکاکاندا بکات و تا ڕادەیەکیش پاشەکشەیان کردوە و ئێستا قسە هەیە کە پەرستاران و کرێکارانی ئەمبولانس ئۆفەریکیان بەدەست گەیشتوە کە باشترە لەوەی پێشتر. هەروەها کرێکارانی شەمەندەفەریش ئۆفەرێکی تریان پێگەیشتوە. چەند ڕۆژێک لەمەوپێش حکومەت بە فەرمی بانگهێشتی سەندیکاکانی کرد بۆ کۆبوونەوە سەبارەت بە یەکلاییکردنەوەی مووچەی کەرتی گشتی بە شێوەیەکی دادپەروەرانە!! و گونجاو بۆ ساڵی ٢٠٢٣ تا ٢٠٢٤، بۆ دوورکەوتنەوە لە ڕێوشوێنی مانگرتنی درێژخایەن. ئەگەر ئەو ئۆفەرە قبوڵ بکرێت و تاکتیک نەبێت بۆ خامۆشکردن و کزکردنی مانگرتنەکان، ڕەنگە لە هەفتەکانی داهاتوودا گفتوگۆ لەنێوان وەزارەتەکانی حکومەت و سەندیکاکاندا دەستپێدەکات.

لە کۆتاییدا ئەوە ماوە بڵێم سەرەڕای سروشتی ئابووری زۆرینەی ئەو مانگرتنانە و داخوازییەکانی کرێکاران، لە هەندێک حاڵەتدا کرێکاران ڕێپێوانیان کردووە و دروشمی سیاسیشیان وتۆتەوە. ناوەرۆکی مانگرتن و کۆبوونەوەی کرێکاری و داواکاری و دروشمەکان بە ڕوونی نیشان دەدەن کە کرێکاران دەیانەوێت ژیانێکی باشتر بەدەستبهێنن. بزوتنەوەی سیاسی چینی کرێکاری بەریتانیا لاوازە و لەغیابی حیزبێکی کۆمۆنیستی کرێکاری جەماوەری، بزوتنەوەکە هێشتا نەبۆتە بزووتنەوەیەکی سیاسی فراوان بۆ ڕێکخستنی کرێکاران بەرەو بەدەستهێنانی دەسەڵاتی سیاسی.

**١١ی کانوونی دووەم**

# تایبەتمەندییە سەرەکیەکانی ڕاپەڕینی ئێران

**ئەم ڕاپەڕین و هەستانە جەماوەرییە، کە درێژکراوەی ڕاپەرین و هەستانە جەماوەرییەکانی پێشوترە، خاوەنی چەند تایبەتمەندیەکی دیاریکراوە کە گەیاندویەتی بە ئێستا و جێگا ئومێدی بەرینی دنیا. سەراسەری بوونی هەستان و ڕاپەرینە جەماوەرییەکە بەجۆرێکە کە هەموو شارو شارۆچکەو تەنانەت بەشێکی زۆر لە دێهاتەکانییشی گرتۆتەوە. هەروەها سەرجەم بزوتنەوە کۆمەڵایەتییە شۆرشگێرەکان تیایدا بەشدارن، کرێکاران، مامۆستایان، ژنان، لاوان، خوێندکاران، خانەنشینان...تاد. هەروەها بوونی هاوئاهەنگی لە نیوان بزوتنەوە کۆمەڵایەتیەکان و بەشەکانیدا، باڵادەستی دروشم و داخوازی سەراسەری و رادیکاڵ و پێشکەتنخوازانە و کەم رەنگی و لاوازی ناسنامە مەحەلی و ناسیونالیستی و میللیەکان. درێژەکێشانی راپەرین و بەردەوامیەکەی کە لە مانگ و نیوێك نزیك دەبێتەوە. لاوازی رۆڵ و نەخشی ئەمریکاو غەرب و هیزەکانی دژە شۆرش... ئەمانە بەشێك لە تایبەتمەندییە سەرەکیەکانی هەستان و ڕاپەڕێنی ئەمجارەی جەماوەری بێبەشی ئیرانن...**

**********

# "توندوتیژی دژی ژنان "

**نووسینی: نەرمین عوسمان**



پرسی ژن ؟

بەمەبەستی تاوتوێکردنی بنەماو هۆکارە سەرەکیەکانی توندوتیژی و ڕێگەگرتن و کۆتاییهێنان بەو دیاردەیە، بۆ پێشەوە، ئەم تەوەرە تایبەتییەی کردۆتەوە کە لەهەر ژمارەیەکی دا لە ڕێگای وتار، دیمانە، ڕاپۆرت، بابەتی وەرگێڕدراو... تیشك دەخاتە سەر هەلومەرج و پرسی ژنان و خستنە ڕووی ئەزموون و ڕێگاچارەی ئینسانی و یەکسانیخوازانە

**بەرپرسی گۆشە: شوانە حەسەن ئەبوبەکر**

توندوتیژی، دیاردەیەکی باوی ناو هەموو کۆمەڵگەکانە، جۆر و شێوازی زۆر و لێکەوتەکانی هۆکارن بۆ ناجێگیریی ژیانی تاک و کۆمەڵ، کە هەندێک جار دەگەنە رادەی لەناوبردنی لایەنی بەرانبەر، بەمەش ئاسایش و سەقامگیریی تاک و کۆمەڵ تێک دەچێت، بۆیە ئەرکە و ئەرکێکی قورسیشە لەسەر هەموو لایەنە پەیوەندیدارەکان کە بەیەکەوە هەوڵ بدەن هەم بۆ کەمکردنەوەی دیاردەی توندوتیژی، هەمیش بۆ چارەسەری بەرکەوتەکان.

لێرەدا باس لەو شێوازانە دەکەین کە چۆن چارەسەری توندوتیژی دژ بە ژنان دەکرێت:

**یەکەم: ئەرکی دەوڵەت:**

ئەرکی دەوڵەتانی جیهان، بەیەکەوە هەوڵدانە بۆ نەهێشتنی توندوتیژی و ڕێگەگرتن لە بەکارهێنانی بە هەموو جۆر و شێوازێک، وەک:

– واژووکردن لەسەر هەموو ئەو ڕێککەوتننامانەی کە دژی هەموو جۆرە توندوتیژییەکن دەرحەق بە ژنان.

– بەپێی یاسا و ڕێنماییەکان، تاوانبارەکان سزای خۆیان وەربگرن و قەرەبووی ئەو ژنانە بکەنەوە کە ڕووبەڕووی توندوتیژی بوونەتەوە بەپێی رادەی زیانەکانیان.

– تەرخانکردنی بەشێک لە دارایی دەوڵەت بۆ ئەو کار و چالاکییانەی پەیوەندییان بە نەهێشتنی جۆرەکانی توندوتیژییەوە هەیە.

– بایەخدان بە لایەنی پەروەردە و فێرکردن، بەمەبەستی راستکردنەوەی ڕەوشتەکانی تاک و کۆمەڵگە و لەناوبردنی ئەو کردە هەڵانەی دژ بە ژن دەکرێن.

**دووەم: ئەرکی کۆمەڵگە:**

لەسەر تاکی هەر کۆمەڵگەیەک ئەرکە هەوڵ بدات بۆ نەهێشتنی ئەو دیاردەیە، بۆ ئەو مەبەستەش، ئەم هەنگاوانە بگیرێنەبەر:

– هۆشیارکردنەوەی تاک و بڵاوکردنەوەی زانیاری لەبارەی مەترسییەکانی دابونەریتە زیانبەخشەکانی دژ بە ژن، بەتایبەتیش لە ناوچە دوورەدەستەکان. هەروەها کۆمەڵگە لەو راستییانە ئاگادار بکرێنەوە کە دەبنە هۆکار.

– گوێگرتن لە ئەزموونی ئەو ژنانەی کە ڕووبەڕووی توندوتیژی بوونەتەوە و رەچاوکردنی پێداویستییەکانیان، ڕووبەرێکی فراوانیان بدرێتێ بۆ ئەوەی بتوانن بە دەنگی بەرز بدوێن، گرنگە لە کاتی قسەکردنیان، بەتایبەتیش لە حاڵەتی توندوتیژیی سێکسی، جلوبەرگی ژنەکە نەبێتە هۆی ئەوەی تۆمەت بخەیتە سەر ژن، چونکە گوناحبارە سەرەکییەکە تاوانبارەکەیە. دەبێت وا لە قوربانییەکە بکرێت کە متمانەی هەبێت و بەڕاشکاوانە هەستەکانی باس بکات.

– هۆشیارکردنەوەی کۆمەڵگە لە زیانی بەشوودانی پێشوەخت و زۆرەملێ.

– هاندانی ژنان بۆ بەشداریکردن لە پرۆسەی سیاسی و گەشەی ئابووری.

– تۆمارکردنی سکاڵا لە هەر شوێنێک بۆ هەر شێوازێک لە شێوازەکانی توندوتیژی لە کاتی ڕووبەڕووبوونەوە، یاخود بینینی.

– بڵاوکردنەوەی هۆشیاریی یەکترقبوڵکردن بە هەموو جیاوازییەکانەوە.

**سێیەم: ئەرکی خێزان:**

خێزان پێکهاتەیەکی سەرەکیی کۆمەڵگەیە، ئەگەر پەروەردەی خێزان باش بێت، ئەوا کۆمەڵگەیەکی تەندروست دروست دەبێت. بەم شێوازانە خێزان دەتوانێت بەشدار بێت لە کەمکردنەوەی توندوتیژی:

– هۆشیارکردنەوەی تاکی خێزان و بەرزکردنەوەی ئاستی زانیارییان بە گرنگی و بایەخی نەهێشتنی توندوتیژی.

– دابەشکردنی بەرپرسیارێتی لەناو خێزان لە نێوان ژن و پیاو.

– ڕێزگرتن لە راوبۆچوونی یەکتری ئەگەر جیاوازیش بن، چونکە لە دوو ژینگەی جیاوازەوە هاتوون.

– ژینگەی فێرکاریی گونجاو و ئارام بۆ هەموو ئەندامانی خێزان فەراهەم بکرێت.

– هاندانی کچان و ژنانی خێزان بۆ خوێندن و چوونە خوێندنگە. هەمان بوار بە هەمان ئاست بۆ هەردوو ڕەگەز بڕەخسێنرێت.

– هاندانی کچان و ژنان بۆ خوێندنەوە و خۆپەروەردەکردن، بەتایبەت بۆ مەبەستی پەروەردەی (تەندروست)ی ئەندامانی خێزان.

– ڕێزگرتن لە داواکارییەکانی هەردوولا بەپێی توانا..

چوارەم: ئەرکی دامەزراوەی فێرکردن و پەروەردە:

فێرکردن، کۆڵەکەیەکی بنەڕەتییە بۆ گەیشتن بە یەکسانی و ڕێگری لە توندوتیژی دژ بە ژنان. بۆ ئەو مەبەستە، لە ڕێگەی ئەم هەنگاوانەوە دەتوانرێت کار بکرێت:

– ژینگەیەکی فێرکاریی گونجاو و ئارام بۆ هەموو خوێندکارەکان فەراهەم بکرێت.

– هاندانی خێزانەکان بۆ ناردنی کچەکانیان بۆ خوێندن و لابردنی کۆسپەکانی دابونەریتە نامۆکان کە دەڵێن خوێندن بۆ کچ نەخوازراوە.

– مامۆستا دەتوانێت ڕۆڵێکی گرنگ ببینێت لە چارەسەرکردنی هەموو جۆرە بیرکردنەوەیەکی توندوتیژانە.

– راهێنانی خوێندکاران لە چۆنیەتی مامەڵەکردن لەگەڵ یەکتری بەهێمنی و چارەسەرکردنی کێشەکانیان بە ڕێگەی ئاشتییانە. هەروەها وانەکانی ئاشتەوایی خوێندنگە بخرێتە بەرنامەی کاریان.

– راهێنانی خوێندکاران لەسەر هەڵگرتنی بەرپرسیارێتی و مانای هاوڕێیەتی و یەکترقبوڵکردن.

– فێرکردنی خوێندکاران بە مافەکانیان و ئەرکەکانیان و بەرپرسیارێتییان

پێنجەم: ئەرکی ڕێکخراوە حکومی، ناحکومی و نێودەوڵەتییەکان:

ڕۆڵی ئەو ڕێکخراوانە، تەواوکارن بۆ ڕۆڵی دامەزراوەکان و لایەنەکانی تر و زۆر گرنگن، دەتوانن بەم هەنگاوانە بەشدار بن:

– تۆمارکردنی ئامارەکانی توندوتیژی و جۆرەکانی، کە وا دەکات زیاتر لە حاڵەتەکان تێبگەن.

– ڕێکخراوە نێودەوڵەتییەکان، بۆ نموونە؛ ڕێکخراوی تەندروستیی جیهانی و ڕێککەوتننامەکانی، هاوکاریی ڕێکخراوە ناحکومییەکانی وڵاتان بکەن هەم لە ڕووی دارایی، هەم لە ڕووی کردنەوەی خولی راهێنان و پێگەیاندنی کادیری لێهاتوو لەو بوارەدا.

– دروستکردنی تۆڕ لە نێوان ڕێکخراوە پەیوەندیدارەکان بۆ هاوکاری و هەماهەنگی.

– بەدواداچوونی کەیسەکان و بڵاوکردنەوەی ئەزموونەکان.

– کردنەوەی خولی هۆشیاری بۆ هەردوو ڕەگەز، بەتایبەتیش لەو شوێنانەی کە دیاردەی توندوتیژیی باوە.

– هاندانی ژنان بۆ تۆمارکردنی سکاڵاکانیان هەرکات ڕووبەڕووی توندوتیژی دەبنەوە.

– ڕێکخراوە حکومییەکان دەتوانن خولی تایبەت بۆ ژن و پیاو بکەنەوە پێش ئەوەی هاوسەرگیری بکەن.

– دابینکردنی شەڵتەرێک بۆ قوربانیانی توندوتیژی و دانانی هێڵی گەرمی تەلەفۆن بۆ پەیوەندی بەمەبەستی ڕێنیشاندان و ڕێنماییکردنیان.

– بەشداریکردن لەو 16 ڕۆژەی لە جیهاندا تەرخان کراوە بۆ دژایەتیکردنی توندوتیژی بە هەموو جۆرە چالاکییەک، هیچ نەبێت هانی دۆستانی دژ بە توندوتیژی بدرێت بە دانانی دروشمی تایبەت بەو ساڵە و نووسینی بابەت.

شەشەم: چارەسەرکردن لەناو ژینگەکانی کار:

زۆر جار توندوتیژی دژ بە ژنان لە شوێنی کار روو دەدەن، کە بەم هەنگاوانە دەتوانرێت ڕووبەڕوویان ببینەوە:

– بەرنامەڕێژی بۆ هۆشیارکردنەوەی کارمەندان بە چۆنیەتی وەستانەوە دژی توندوتیژی و دەرەنجامەکانی.

– بوونی پلانی ئەمنی بەمەبەستی تۆمارکردنی سکاڵاکانی توندوتیژی، هەروەها چۆنیەتی مامەڵەکردن لەگەڵیان بەشێوەیەکی یاسایی.

– دەکرێت لە هەر شوێنێکی کار کۆمەڵێک ڕێنمایی دابنرێت بۆ سزادانی ئەو کارمەندانەی توندوتیژی بەکار دەهێنن.

– دروستکردنی پەیوەندی لە نێوان کارمەندان لەسەر بنەمای ڕێزگرتن لە یەکتری، بەتایبەتیش لە نێوان هەردوو ڕەگەز.

*******



گۆشەی ئەدەب و هونەر

گۆشەی ئەدەب و هونەر، گۆشەیەکی تایبەتی بۆپێشەوەیە کە لەهەر ژمارەیەکدا بابەتێکی ئەدەبی یان هونەری لەشێوەی هۆنراوە، تێکستی ئەدەبی، وەرگێران، بڵاودەکاتەوە، یاخود دیمانە لەگەڵ ئەدیب و هونەرمەندێك یان ناساندنیان رێك دەخات...

ئامادەکرنی گۆشە: کاوان قادر و هیوا ساڵح، حەکیم میرزا




# داریوشی ئیقبالی ئەودەنگەی دەسەڵات دەلەرزێنێ

## شرۆڤەی/ جەمال نوری

هونەرمەندی ئێرانی 'داریوش' چێژ لە دەنگێکی پڕ لە ئاواز و پڕ لەخەم و درەوشاوەییەکانی ڕۆژهەڵات وەردەگرێت، هەروەها گۆرانیبێژێکە کە لە هەر تۆنێکی بەهێزی خۆیدا ڕەنگ و ناله و ئازارەکانی مرۆڤی سەردەم، خۆشەویستی، ئازار، هیوا هەڵدەگرێت، شادی و ئاوات بۆ ڕزگاری و ئارامی و ئازادی. هەرکەسێک گوێی لێبگرێت – سەرباری جیاوازی و جیاوازی زمان و مەودا و مەودای جوگرافیای شارستانی– دەبێت لە دڵیدا هەست بە لەرز و لەرزێکی قووڵی ناوەوەی بکات، کە لەڕێگەی هزرەکەیەوە بڵاودەبێتەوە و ویژدان بە شێوەیەک کە لۆژیک ناتوانێت بە ڕوونی ڕوونی بکاتەوە، ئەمەش وای لێکرد کە ببێتە دیاردەیەکی ناوازە لە مێژووی مۆسیقای مۆدێرنی ئێراندا، بۆیە بەناوبانگترین و یادگارترین دەنگ بوو لە نێوان هەموو قوڕگەکانی ئێرانی هاوچەرخدا.

### ژیاننامەی داریوش ئیقبالی..

داریوش ئیقباڵی لە مانگی بەفرانباری ساڵی ١٩٥١ لە تاران لەدایک بووە. داریوشی ئیقبالی گۆرانیبێژ، ئەکتەر و چالاکی کۆمەڵایەتی ئێرانییە و لە بواری ڕۆک و مۆسیقای پۆپی ئێرانیدا چالاکە. دەنگی داریوش باسە. ئەندامی ڕێکخراوی لێبوردنی نێودەوڵەتییە.

### داریوش ئیقبالی منداڵی و سەرەتای گۆرانی وتن..

منداڵیم لە کەرەج و ناوەڕاست بوو. محەممەدی باوکی یەکێک بوو لە خاوەنەکانی شاری میدان. بۆ یەکەمجار لە تەمەنی ٩ ساڵیدا لە ئاهەنگێکی قوتابخانە لە شەهرارا چووە سەر شانۆ. هەروەها لە قۆناغی ئامادەییدا نمایشی کردووە. داریوش لە ساڵی ١٣٤٩ حەسەن خەیات باشی ناسی و ئەم ئاشنابوونە وای لێکرد بە فەرمی بچێتە دونیای گۆرانی و مۆسیقای پیشەیی. هەر لەو ساڵەدا لە تەمەنی ٢٠ ساڵیدا بە گۆرانی "پێم مەڵێ خۆشم دەوێیت" کە لە ئاوازەکەی دەروێش مستەفا جاویدان، ناوبانگێکی زۆری بەدەستهێنا. یەکەم گۆرانی سەربەخۆی نەبەستە پەیمانە بە شیعرێکی عەلی گەزەرسێز و مۆسیقای خۆی. داریوش ئەغبالی داریۆش پێشتر شۆڕش بەر لە شۆڕش، بە هۆی وتنەوەی گۆرانییە سیاسییەکانی مەندێ جەنگال، بن باست، بۆی گاندام، عەلی کانکوری و گوڵ بارون زیندە، بۆ ماوەیەک زیندانی کراوە. داریوش لە ڕاپرسی گۆڤاری لاوان لە ساڵی ١٣٥٦ وەک بەناوبانگترین گۆرانیبێژی ئێران هەڵبژێردرا. بابەتێکی هاوشێوە: ژیاننامەی ئیبراهیم حەمیدی داریوشی ئیقبالی هاوکاری لەگەڵ کەسانی ناودار هاوکاری لەگەڵ کەسایەتییە ناودارەکانی مۆسیقای ئێراندا کردووە، لەوانە مەنوچێهر چەشم ئازەر، بابەک ئەفشار، ئەندرانیک ئاساتوریان و سادق نۆجۆکی. هاوکات لەگەڵ شاعیرانی بەناوبانگی وەک ئیرەج جەننەتی عەتای، شەهیار غەنباری، ئەحمەد شەملوو و ئەردەڵان سەرفراز هاوکاری کردووە. قۆناغی هاوکاری داریوش لەگەڵ بابەک بەیات و ئیرەج جەننەتی عەتای بە سەردەمی زێڕینی مۆسیقای پۆپی ئێرانی ناسراوە.

داریوش ئیقبالی دوای شۆڕش بۆ چارەسەری دەموچاوی چووە لەندەن و هەرگیز نەگەڕاوەتەوە ئێران. وەک گۆرانیبێژانی دیکە لە دەرەوەی ئێران درێژەی بە چالاکییەکانی دا.

### چاکبوونەوەی داریوش لە ئالوودەبوون/


دوای چەندین ساڵ لە ئالوودەبوون، داریوش لە ساڵی ٢٠٠٠ بڕیاریدا وازی لێبهێنێت.گۆرانی( موعجیزە بێدەنگ) ئاماژەیە بۆ ئەم وەرچەرخانە لە ژیانیدا. یەکەم بەرنامەی فەرمی داریوش بە ناوی عەینە لە ڕادیۆی AFNبوو، لە ساڵی ٢٠٠٣ سایتی بێهبۆدی دەستپێکرد کە یەکەم ماڵپەڕی ئێرانی بوو بۆ یارمەتیدانی ئالوودەبووان و خێزانەکانیان و دواتر بە هاوکاری دوو پزیشک دامەزراوەیەکی بە ناوی ئینێح دامەزراند بۆ یارمەتیدان ئالوودەبووان. یارمەتی داوە دەوترێت لە سەرەتای دامەزراندنی ئەم دامەزراوەیە زیاتر لە ٤٠ هەزار کەس وازیان لە ئالوودەبوون هێناوە. دوای ڕادیۆ بڕیاریدا کارەکانی فراوانتر بکات و بەردەوام بێت لە بەرنامەی ئاینێ لە تەلەفزیۆنی ٢٤ کاتژمێریدا، هەروەها بەشداری لەچەندین کۆنفڕانس و کۆنفرانسی ئالوودەبوون بە مادده هۆشبەرەکاندا کردووە. داریوش ئەغبالی کردەوەی خێرخوازی داریوش ئەندامی ڕێکخراوی لێبوردنی نێودەوڵەتییە. جگە لە گرنگی ڕزگاربوون لە ئالوودەبوون و ڕزگاربوون لە پرسە کۆمەڵایەتییەکان، گرنگی بە پەناخوازانی ئێرانی، گرووپەکانی پێکهاتە کەمینەکان و منداڵانی کرێکاریش دەدات. لە ساڵانی ڕابردوودا کەمپینێکی دامەزراند بۆ پاڵپشتیکردنی ئەو کەسانە بە هاوکاری خوێندکاران.

ئەلبوومەکانی داریوشی ئیقبالی../

پێم مەڵێ خۆشم دەوێی(1971/1978) چاوم (١٩٧٣/١٩٧٤) هۆکارانە (1975) ئانیمۆن (١٩٧٥/١٩٧٦) ساڵی ٢٠٠٠ (١٩٧٧) هاوار لە ژێر ئاو (١٩٧٧) جەنگەڵ (١٩٧٨) داریوش سەبارەت بە نیشتمان دەڵێت (١٩٨٠) سڵاو خاکێکی باش، تۆ میهرەبانیت (١٩٨٠) نەدیم (١٩٨٢) باڵندەی کۆچبەر (١٩٨٣) ئەمڕۆ (١٩٨٤) نازەنین (١٩٨٦) تۆ ناڕۆیت (١٩٨٧) خاکی ماندوو (١٩٨٩) نان و پەنیر و سەوزە (١٩٩٠) زیندانی (١٩٩١) ئامان ئاز (1992) سێفێر سین (1994) منداڵانی ئێران (١٩٩٥) بازاڕی ئاژاوەگێڕ (1996) ئای خەڵکی جیهان (١٩٩٧) گوڵ بێتا (٢٠٠٠) خۆشەویست لێرەیە (ڕۆمانی) (٢٠٠٣) جارێکی تر دەتکەمەوە ماڵەوە (٢٠٠٣) ڕێگای من (٢٠٠٥) موعجیزە بێدەنگ (٢٠٠٩) جیهانی من ئەمڕۆ (٢٠١٠) پیاو (٢٠١١) خۆشەویست لێرەیە (حافز) (2012) سفر (٢٠١٦) خۆشترین گۆرانیەکانی داریوش بەپێی ئەو ڕاپرسییە کە لەلایەن کەناڵی مان و تۆوە لەژێر ناونیشانی لیستی 100 گۆرانییە هەرە درێژخایەنەکانی مێژووی مۆسیقای ئێران ئەنجامدراوە، گۆرانی "دەستەکانت"ی داریوش لە پلەی یەکەمی بەردەوامترین گۆرانییەکاندا بووە گۆرانی ئێرانی. لە درێژخایەنترین بەرهەمەکانی داریوشدا گۆرانییەکانی "دەست توو"، "شەغایگ"، "پیاوی چاو"، "جارێکی دیکە دەتکەم بە نیشتمان"، "منداڵان"، "بۆنی گەنم".پێم مەڵێ خۆشم دەوێیت، ماڵ، یارمەتیدەری هەمیشە دڵسۆز، ئێوارەخوانی مانگان، هاوار لە ژێر ئاو، ئاهەنگی حەسرەت، ئەی خۆشەویستی، نان و پەنیر و سەوزە، ساڵی کەوتن، ساڵی هەڵهاتن، جیهان لەم ڕۆژانە و سەرابی هەنگاوەکانت. ناوەڕۆکی هاوشێوە: ژیاننامەی گۆرانیبێژی موین و وێنەی موین + ناساندنی گۆرانی و ئەلبوومی موین داریوش ئیقبالی لە فیلمەکەدا یاری بکە لە لوتکەی ناوبانگەکەیدا، داریوش لە دوو فیلمدا ڕۆڵی گێڕا، یاران (1993)، بەرهەمهێنانی محەمەد دلجۆ و ئەمیر موجاهید، لەگەڵ نمایشکردنی گۆرانی یاران لەلایەن فێرێدون فوروغی بۆ ئەم فیلمە، هەروەها فرایەد زیر ئاب (1996) لەگەڵ فەرزانە تایدی و شەهرە لە دەرهێنانی سیروس ئەلوەند و لەم فیلمەدا دوو گۆرانی "Frayed under water"و "Permission"ی وەک دەنگی فیلمەکە پێشکەش کردووە. داریوش گۆرانی "زەندۆنی" کە بە یەکێک لە گۆرانییە سیاسییەکانی دادەنرێت، بۆ فیلمی "کۆچی دوایی ئەکبەر" و "زۆهرێ" بۆ فیلمی "ڕەهای" وتەوە. یاریدەدەری دەرهێنەر فەرزان دێلجۆ هاوار لەژێر دەرهێنەری ئاو سیرۆس ئەلڤاند فیلمی "Frayed Under Water"تاکە فیلمی داریوشە، کە تێیدا ڕۆڵی سەرەکی دەگێڕێت. چیرۆکی فیلمەکە باس لە گەمژەیەک دەکات کە کچێکی خۆشدەوێت دەوڵەمەند دەبێت، بەڵام دواتر بۆی دەردەکەوێت کە لە ڕاستیدا ئەو کچە لەشفرۆشە و لەگەڵ کەسانی دەوڵەمەند کاردەکات و هەوڵدەدات لەم تاڵە قووڵە دەریبهێنێت. داریوش گۆرانی "زەندۆنی" کە یەکێکە لە گۆرانییە سیاسییەکانی، بۆ فیلمی "تێپەڕین" وتەوە، هەروەها "ئەکبەر و زەهرا" بۆ فیلمی "ڕەهای" وتووە.

### هاوسەرگیرییەکانی و خۆشەویستی ڕاستەقینەی داریوش/

تا ئێستا سێ جار هاوسەرگیری کردووە، بەڵام بە گوتەی خۆی تەنیا یەک جار عاشق بووە و ئەویش ئەو کاتە بووە




کە گەنج بووە و پێش شۆڕشی ئێران، کە کچە دڵخوازەکەی لە ڕووداوێکی هاتووچۆدا گیانی لەدەست داوە، و گۆرانی شەگەیغی وتووە لە خەم و پەژارەی خۆیدا.. دەخوێنێتەوە. ژنی دووەم و سێیەمی داریوش ساڵانێکی زۆر لە کالیفۆرنیا لەگەڵ هاوسەری دووەمی فیروزە و بیتا کچەکەی ژیاوە. جینۆس سێیەم هاوسەرە لە ساڵی ٢٠٠٣ەوە. چیرۆکی پەیوەندییەکەی لەگەڵ گوگوش لە پەراوێزی یارییەکەی داریوش و گۆگۆش پێکەوە، گۆڤاری گەنجان و زانیاری هەفتانەی ڕۆژی دووشەممە ٢٤ی ئاب، مانشێتێکی گەورەیان لەسەر گۆڤارەکە چاپ کردبوو کە چیرۆکی خۆشەویستی گوگوش و داریوشیان دەخوێندەوە، ئەمە سەرەتای ئەم پەیوەندییە بوو. داریوش و گۆگۆش بۆ ماوەی ساڵێک پەیوەندییەکی سۆزدارییان لەگەڵ یەکتردا هەبوو. داریوش ئیقبالی ژنێک کە ترشەڵۆک فڕێ دەداتە سەر دەموچاوی داریۆش لە ٢٥ی ئابی ساڵی ١٣٥٦ ژنێک ترشەڵۆکی فڕێدایە سەر دەموچاوی داریوش، چونکە لەلایەن داریوشەوە پشتگوێ خراوە. ئێستا داریوش لە شاری لۆس ئەنجلۆس دەژی و کچێک و کوڕێکی هەیە بە ناوەکانی (بیتا و میلاد.) داریوش لە یەکێک لە نمایشەکانیدا لەلایەن یەکێک لە هەوادارەکانیەوە بە ترشەڵۆک هێرشی کرایە سەر. یەکێک لە کارمەندانی کبارێی خوڕەم کە داریوش تیایدا نمایشی کردبوو، دەڵێت: نزیکەی کاتژمێر 11:00ی شەوی چوارشەممە بوو، داریوش تازە گەیشتبووە و دوو گۆرانیی پێشکەش کردبوو، ئەویش سەرقاڵی پێشکەشکردنی سێیەم گۆرانی خۆی بوو بە ناوی نەفەرین نامێە. لەم کاتەدا ژنێک کە لە پشت یەکێک لە مێزەکانی بەردەم سەحن دانیشتبوو، لە شوێنی خۆی هەستا و بە جوڵەیەکی خێرا هاتە لای سەحن. بەپێی خۆی ئاسایی کاتێک، داریوش بە چاوی داخراوەوە گۆرانیەکەی پێشکەش دەکرد و هەر بۆیە هەستی بە هێرشی ئەم ژنە نەکرد بۆ سەری. لە کاتێکدا تێبینیمان کرد کە ئەم ژنە شووشەیەکی گەورەی لەگەڵدا هەڵگرتووە ناوەڕۆکەکەی فڕێدایە سەر دەم و چاوی داریوش...

**سەرچاوە/**

**مجله توبناز... عدد 234**

**بایوگرافی داریوش اقبالی**

## گۆشەی ئەدەب و هونەر



# لە خۆم خۆشنابم

لە خۆم خۆشنابم
........
لەخۆم خۆشنابم
زیزبونم.. بەزیزبوونی هیچ کەسێکی
تر ناگۆڕمەوە..
بێتاقەتیم ..لای بێتاقەتی
هیچ کەسێکی تر جێناهێڵم
ئەزانم لەبەردەگاکەی دەرەوە
هەتا ناو ژووری نوستنەکەم
بزمار ڕێژکراوە بەتەنیایی
سیخناخە لەو شتانەی کەخۆشم
نازانم
ڕەنگیان چۆنە

لەتۆش خۆشنابم
زیزبوونی تۆش لەزیزبونی هیچ
کەسێکی ترناچێت
تۆ لەگۆڕستانیش لەگۆرانی وتن
ناکەوێت
گاڵتە بەحوزنی مردووەکان دێت
نەمۆمێك دادەگیرسێنیت و
نەسرێك دادەنەوێنیت

لەخۆم خۆشنابم
من ئولفەتم بەزیزبونەوە گرتووە
هاوڕێکانم بۆ ئاشتاکرێتەوە
ئەوان قاچەکانیان دەخەنە سەر
سنوقی
مناڵە بۆیاخ چیەکان و
منیش بەلایانەوە دەگریم
لەخۆم خۆشنابم
ئەزانم لەگەڕەکەکەی ئەوبەرمان
ئەستێرە سەردەبڕن.. مانگ ئەتك
دەکەن

لێت خۆشنابم
ئەوهەموو لەوحە جوانانەت دراند
قەڵەمە ڕەنگاو ڕەنگەکانت
یەک یەکە سوتاند
دەتۆش ماڵەکەت هەراج بکەوە
بگوێزەرەوە
بۆگەڕەکەی ئەوبەرمان
.........

**میرزا**

**٨/١/٢٠٢٣**



کەشەو دادێ،
چیتر ڕۆژ چاودێری زەوی نابێ..
ڕەنگە ئەویش،
بکەوێتە خیانەتەوە!
کێ ناڵێ پەیوەندی
ناشەرعی لەگەڵ
(هەسارە)ەکی ژن
نەبەستووە؟!
پاش نۆسەدەو نۆ ساڵی ڕووناکی
پێچووە ئەستێرەیەکیان ببێ..

"شەم جوامێر"

———

چەند جوانە ئەگەر ژنێك، بۆ وێناکردنی کەفوکوڵی دڵ و دەروونی خۆی، بەبێ پەنابردن بۆ لاسایی کردنەوە، یاخود بەکارهێنانی چەندین وشە و دەستەواژەی سواوی وەك (بێتۆیی، قاوەی تاڵ، ئێوارەی وەنەوشەیی، هەوری پەمەیی، تەنیایی، ژوورەکەم، ماچ و ...تادوایی) خۆی هەڵواسێت بە گەردوونەوە، بۆئەوەی لە نێو گێژەنی خولانەوەی هەسارەکاندا نەشئە مەلەیەك بە ئەندێشەی خۆی بکات.

دەگمەنن ئەو شیعرانەی کە ئەمڕۆ، جوینەوە و دووبارە بوونەوەی وێنایان لەخۆ نەگرتێت.

لە مێژە بۆنی دەقی شیعری هیچ شاعیرێکم نەکردوە، نە لە دیوارە زبر و قڵیشاوەکانی تۆری کۆمەڵایەتی، نە لە ناواخنی هیچ کتێبێك، هەموو ئەوانەی دەکەونە بەرچاو، لە نامەی تایبەت بۆ کەسێکی دیاریکراو یاخود هێڵنجی شاعیرانی کلاسیك بەدەر نین.

ناچمە ناو مانا شاراوەکان، ناوەڕۆك، کاکڵە و کرۆك و مەبەستی "شەم"ەوە، بەڵام وەختێ ئەو دەقەم کەوتە بەرچاو، جگە لەوەی دڵخۆش بووم بەوەی، هێشتا تروسکەیەك لە ژانری ئەدەبی هاوچەرخ بەدی دەکرێت، لە رووی ڕەنگ، تێما خەیاڵ، بیرۆکە و وێناکردنەوە، سەرسامیش بووم بەوەی کە ژنێکی یاخی لەم گەردوونە.. بوونی هەیە و دەنووسێت..

———

**ئارام حەسەن**

## لە بۆپێشەوەوە

* بابەتەکانی بۆپێشەوە، جگە لە"گۆشەو تەوەرەی تایبەت" بەکشتی تەعبیر لەخەتی سیاسی و فکرە و دونیابینی کۆمۆنیزمی مارکس و کۆمۆنیزمی کرێکاریی دەکات.

* بۆ پێشەوە، هیچ بابەتێك بڵاوناکاتەوە، کە پێشتر لەشوێن و کەناڵی بیترا ویبسترا و نووسراودا... بڵاوبوبێتەوە.

* بابەتی بڵاوبووەوە لە بۆپێشەوەدا، ئەوکاتە لەلایەن خاوەنەکەیەوە مافی بڵاوکردنەوەی هەیە، کە لە بۆپێشەوە بڵاوبوبێتەوە، ڕاسپاردەی بۆپێشەوەیە، کە خاوەنی بابەتەکە ئاماژە بەناو و ئەو ژمارەی بۆپێشەوە بدات، کە بابەتەکەی تیادا بڵاوبۆتەوە.

* درەنگ ناردنی بابەتەکان، لەکاتی راگەیەندراوی خۆیدا، شانسی بڵاوبونەوە لەدەست دەدات.



# قۆرغکاری یان گەشەی ئازادی!..

عبدالرحمن رسول

قۆرغکاری واتە بەزۆرە ملێ دەست بەسەرداگرتن و چەوسانەوە دێت، ئەمەش لەڕوویی قۆرغکاری ئابووری وسیاسی و دەسەڵاتداریێتی بەزۆرەملێ وە کۆمەڵگە لەبەریەک هەڵدەوەشێنێت، سەرجەم بەشەکانی کۆمەڵگە بەگژیەکتریدا دەدات و تووشی داڕووخان و هەرس هێنانی بواری ئیداری وئابووری و کۆمەڵایەتی دەکات، کەبەتەواوی بەردەوام گیانی نوێبوونەوە و نەشونمایی شارستانی و پێشکەوتنخوازی و ئاشتیخوازی لەناودەبات.

بەردەوام گەشەی زانست و زانیاری و پەروەردەی ئینسانی لەناو ناخی کۆمەڵگە و جوڵە کۆمەڵایەتی و کەسییەکان و خانەوادەکان دادەبڕێت و لەجێگەیدا چەمانەوە و لاوازی ئیرادەی ئینسانی و بێ نرخ بوونی مرۆڤایەتی بۆ هەر مرۆڤ لەناو ناخ ودەروونی و جوڵەی ڕۆژانەی کۆمەڵایەتی دەکوژێت.

کەبەجۆرێک هەناسەی هاوکاری و هەروەزکاریش بکاتە کەرەستەیەک بۆ بەکاڵاکردن کە بە جۆرێک بەبەرگی سیاسی و حیزبی دای دەپۆشرێت کەدواجار خەڵک ئەم جۆرە هەنگاوەش وەک دژ بەخۆیان و بێ ئیرادەی ئینسانیان سەیری بکەن ئەمەش بەوەی کە، دەسەڵاتی ملهوڕی زۆرەملێ بەئامانجی تێکشکاندنی ئیرادەی ئینسانی لەڕێگای دەستەو گرووپ وڕێکخراوەکانییەوە ئەوهەنگاوانە دەنێت.

کە دەچێت ناڕاستەوخۆ ڕێکخراو گرووپی خێرخوازی دادەمەزرێنێت یان حیزبێک ئەو هەنگاوە دەنێت کە دواجار وێنەی کەسی هەژار و نەخۆش دەبێتە کەرەستەیەکی بازرگانیکردن وەک ڕیکلامێک بۆ ناوبانگ و ناساندنی کەسی سەرمایەدار و کەسی حیزبی وڕێکخراوی ئامانج دار .

هێزی دەسەڵاتی زۆرەملێ بەفێڵ و درۆ وساختەچێتی و سەرکوت درێژە بەمانەوەی لەدەسەڵات دەدات. هەربۆیە یەکەم هەنگاو دەست دەبات بۆ قۆرغکاری و دەست بەسەرداگرتنی زۆرەملێی بەرهەمە ئابوورییەکانی ژێر زەوی وسەرزەوی بۆ بەرپرسانی دەسەڵاتێک پایەکانی لەژێر گەندەڵی و دزی و چەوسانەوە دامەزراوە.

ئەگەر ئێران و کوردستان و عێراق بەنموونە وەربگرین دەبینین هەریەکەیان خاوەنی زۆرترین لەداهاتی بەرهەمی ژێرزەوی وەک نەوت و غازو بەرهەمی سەرزەوی وەک ناوچەی کەشەوەرزی وکشتوکاڵی وشوێنەری و گەشتوکوزارییە ئەگەر دەسەڵاتێکی مەدەنی و پێشکەوتنخوازی هەبووایە ئێستا لەوڵاتانی جیاوازی جیهانەوە بۆ گەشت و بەسەربردنی پشووەکانیان خەڵکی وڵاتان سەردانی دەکردن و لەناوچە شوێنەوارییەکان وگەشتوگوزارییەکان دەمایەوە. بەڵام لەجیاتی ئەم وێنەیە ئێمە دەبینین لاوان و گەنجان لەبەربێکاری و سەرکوت وچەوسانەوە کۆمەڵگەکەیان بەجێ دەهێڵن و کۆچ دەکەن بۆ دوورترین وڵات لەکاتێکدا زۆر باش دەزانن ڕێگایی سەفەرییان پڕ لەمەترسی یە ئەگەری بوونە قوربانیان هەیە.

جگە لەمەش سەرۆک و بەرپرسە سیاسییەکانی حیزبی دەسەڵاتدار و حیزبەکانی ناو دەسەڵات وحیزبەکانی هاوپەیمانیان ئەوانیش لەوپەڕی ژیانی خۆشگوزەرانی و خاوەنی پارە و داهاتی زۆر و کۆمپانیا و خانو و ئوتێل وئەپارتمان وبینا زۆرن لەوڵاتان، جگە لەمانەش بەناوی پاراستنی پیرۆزی نیشتمانی وئاینییەوە نیشتمان وئاینیشیان کردۆتە کەرەستەیەکی بازرگانی و ڕیکلامی هێزی مانەوەیان لەدەسەڵات بۆ درێژەدانی دزی وچەوسانەوەی زیاتر.

لەکاتێکدا هەرخۆیان نیشتمان و ئایینەکانی خەڵک دەسووتێنن بە پێشوازی هێزی فاشیزمەکان و فتوای مەلاکان کەبەناوی یەکێتی زانایان و یان وەزارەتی ئاینی بڵاودەکەنەوە کە گرینگی بەو بابەتانە دەدەن کە خۆیان وەک دەسەڵات ئامانجیانە کۆمەڵگە بەرەو چەمانەوەی زیاتر و هەژاری وبێکاری زیاتر بەرن. لەکاتێکدا گەنجان و لاوان لەبەر چەوسانەوە و سەرکوت وبێکاری ئاوارە دەبن لەجیاتی چارەسەری بێکاری بکرێت کار بۆ گەنجان و لاوان دابین بکرێت و گەشە بەئازادی و ئارامی کۆمەڵایەتی بدرێت، ئەوان دێن فتوا بۆ هەبوونی چەند ژنە بۆ پیاوێک دەدەن وبانگەشەی بۆ دەکەن لەکەناڵەکانی ڕاگەیاند یان دژایەتی هەرهەنگاو و جوڵەیەکی ئازادیخوازی دەکەن بەمەش خۆیان بانگەشە دەکەن بۆ تێکدانی ئاشتی کۆمەڵایەتی و پێکەوەژیانی خەڵک جیاوازن لەهەڵسوکەوتی کەلتورو سوونەتی کۆمەڵایەتی و فەرهەنگی ڕۆژانەیان. لەبەرئەوە هەبوونی گەشەی ئازادی ڕاستەقینە پێگەی دەسەڵاتی چەوسێنەر هەرەس پێدێنێت و کۆمەڵگە بەرگی کۆنەخوازی و چەمانەوە دادەماڵێت، دەست دەکات بەگەشەی تێکۆشانی جەماوەری یەکگرتووانە بۆ هێنانەدی ژیانێکی باشتر. هەموو دەسەڵاتە چەوسێنەرەکان لەیەک خاڵدا لەیەک دەچن کە هەرگیز هاوڕایی گەشەی ئازادی ڕادەربڕینی بێ مەرجی سیاسی نیین، مەگەر ناچار بکرێن لەلایەن زۆرینەی خەڵکەوە.

هەرئەمەشە کە وادەکات لەهەر دەوڵەتێکی ناوچەکە کە خەڵک لەبەرامبەر نایەکسانی وچەوسانەوە و سەرکوت هاتە دەنگ ئەوان (دەسەڵاتی چەوسێنەری بنەماڵەیی بارزانی وتاڵەبانی) وەک دەسەڵات هەرگیز بێ لایەن وبێ دەنگ نابن، چونکە بناغەی دەسەڵاتیان بەهاوکاری دەسەڵاتی فاشیزمەکانی ناوچەکە دامەزراوە و ماوەتەوە لەدەسەڵات. هەر بۆیە بەرگری لەمانەوەی دەسەڵاتی فاشیزمی ئەو دەوڵەتە دەکەن. هەرئەمەش کە دەبینین دەسەڵاتدارانی باشووری کوردستان زۆر لەخەمی دەسەڵاتی فاشیزمی ئیسلامی ئێراندان و بەهەموو هێزو توانایانەوە پشتیوانی لەمانەوەی دەکەن. بێ شەرمنانە گەورە تیرۆریستەکانی ئەو ڕژێمە بەقارەمان و سەرکردەی شۆڕشگێڕ ناودەبەن، بەڵام هەرگیز باسی قوربانیکراوانی تێکۆشەرانی ئازادیخوازی سەرخیابان وشەقامەکان و ناو زیندانەکانی ئێران ناکەن. هۆکاری ئەمەیە سەرۆکی حیزب لەجیاتی حکومەت بڕیار دەدات و هانی مەلاکانی ئیسلامی دەدات کە بەئازادانە بانگەشەی خۆیان بکەن لەدژی ئازادی و مافەکانی ژنان و ڕەوتی ئازادیخوازی ویەکسانیخوازی. سەرۆکی حیزبەکانی دەسەڵات و حیزبەکانی هاوپەیمان ونزیک لەودەسەڵاتە چەوسێنەرە ململانێی ئەوە دەکەن کە کامیان زۆرترین ڕیکلام چی و جنێودەرو فتوادەری زیاتر لەدژی مافەکانی ژن و خەڵکی ئازادیخوازی ویەکسانیخوازی لەخۆی کۆبکاتەوە هەتاوەکو دڵسۆزی خۆی بۆ بەرەی فاشیزمی و کۆنەپەرست و دژە ئینسانی بسەلمێنێت.

لەکوردستان ئەم حیزبانەی دەسەڵات و حیزبەکانی هاوپەیمانیان ململانێیان بۆ پەرەپێدانی بازرگانی و قۆرغکاری زیاتر دەکەن لەپێناوەشدا دەست دەبەن بۆ هاوکاری و گەشەی کۆنەخوازی ودژە ئینسانی بەرەو نەمانی هێزی ئازادیخوازی و پێشکەتنخوازی کۆمەڵایەتی شاباش لێدەدەن بەحیسابی کێشکردنی هەستی خەڵکی سادە، بەڵام نازانن ئەم هەنگاوەیان لەئیفلاسی سیاسییەوە و خەڵکی زۆرینە لەفێڵ و درۆکانیان باشتر تێگەیشتووە، ئەمەش وادەکات بەدەست بەتاڵی دەستکەوتی سیاسی بمێننەوە. ئەم ڕێگای ئەم زاڵمانەی کوردستان پێیدا دەڕۆن پێشتر حیزبی بەعسی فاشیزمی عێراقی بەسەرۆکایەتی سەدام حسێنی هاوڕێیان پێدا ڕۆیشت، بەڵام نەیتوانی بەردەوام بێت خرایە زبڵدانی مێژووە. هەروەها کۆی دەسەڵاتی فاشیزم و دیکتاتورەکان هەمان نەخشەڕێگایان جێبەجێکرد لەکۆتایی مەترسی ڕووخانیان، بەڵام خۆشبەختانە لەلایەن خەڵکی وڵاتەکەیانەوە خرانە زبڵدانی مێژووە و شەرمەزارو ڕیسوا کران. بەدڵنیاییی ئەم دەسەڵاتی فاشیزمی ئیسلامی ئێرانیش لەڕێگای کۆتایی بەرەوڕووخان و خرانە زبڵدانەوە نیزیک بۆتەوە هاکە گوێ بیستی بانگەوازی سەرکەوتنی شۆڕش و ڕاپەرینی خەڵکی ئێران و ڕۆژهەڵاتی کوردستان بووین کە تەواوی سیستەم و دەسەڵاتی ئیسلامییان خستە زبڵدانەوە.

بانگەوازێکی ڕێگا چارە:

کاتێک لایەنی پارێزەرانی دەسەڵاتی چەوسێنەر درێژە بە قۆرغارییەکانی ئابووری و بوارەکانی تری کۆمەڵگە دەدەن، پێویستە هێزی دژە قۆرغاری بێتە مەیدان بۆ هەڵوەشان و ڕێگریکردن لەقۆرغکاری زۆرەملێ بەسەر تەواوی بەشەکانی کۆمەڵگە. بەرگریکردن لەگەشەی ئازادی و هێنانەدی مافەکانی مرۆڤ و یەکسانی وەڵامی قۆرغارییەکان بدرێتەوە. ئێمەی ئازادیخوازان دەبێت بێ دەنگ و بێ هەنگاوی چالاکی زیندوویی جەماوەری نەبین، لەبەرئەوەی پەرش و بڵاوی ئازادیخوازان زیاتر ڕەوتی پێشکەوتنخوازی و ئازادیخوازی تێکدەشکێنێت و خەڵک بێ ئیرادە ولاواز دەکات. ئەرکە دروستەکە ئەوەیە کە هێزی ئازادیخوازی و یەکسانیخوازی کۆمەڵگە خۆی ڕێکخراو بکات لەبزوتنەوەی جەماوەریدا کە بەنەخشەڕێگایی کرداری هەنگاوبنێت بۆ تێکۆشانی هاوپشتی و یەکگرتووانە بۆ بەریگریکردن لەهەبوون وگەشەدانی ئازادی ڕادەربڕینی بێ مەرجی سیاسی وبەرگریکردن لەمافەکانی مرۆڤ و هێنانەدی ژیانێکی باشتر.

بۆئەم هەنگاوە سەرەتا پێویستە ڕاشکاوانە بەدەنگ بانگەوازی هاوپشتی تێکۆشانی ئازادیخوانەوە بێن و بۆ گفتوگۆکردن لەسەر دیاریکردن و نەخشە ڕێگای کرداری تێکۆشانی باشترو چالاکی گشتی و جەماوەری بەردەوام ئەنجام بدرێت.

هەر کەسێک دڵی بۆ هەبوونی ئازادی و ژیانێکی باشتری مەدەنی لێدەدات ئەرکی ئەوەیە کە هەنگاوی کرداری بنێت لەقۆناغی نووسین و قسەکردن بچێتە بواری چالاکی جەماوەری بۆ ئەمەش پێویستە هێزوچالاکییەکان لەچوارچێوەی بزوتنەوەیەکی جەماوەری ئازادیخوازی ڕێکخراو بکرێن. بەنەخشەڕێگایی زیندووی چالاکی مەدەنی وئازادیخوازی بەرگری لەگەشەدانی ئازادی و کرانەوەی کۆمەڵگەی کوردستان بکرێت بەرەو هێنانەدی ژیانێکی نوێ ترو باشتر...

*********

# بنچینە کۆمەڵایەتی و فیکرییەکانی کۆمۆنیزمی کرێکاری

## بەشی نۆهەم

# کۆمۆنیزمی کرێکاری و کۆمۆنیزمی بۆرژوایی

لە بەشی هەرەزۆری سەدەی بیستەمدا مارکسیزم و کۆمۆنیزم قورساییەکی زۆر گەورەیان هەبوو لەناو بزووتنەوە جۆراوجۆرە ناڕەزایەتی و ڕیفۆرمیستیەکانی جیهانی سەرمایەداریدا. لەلایەک هەمەگیریی و قووڵیی ئەندێشەی ڕەخنەگرانەی مارکس و ئینساندۆستی و یەکسانیخوازیی قووڵی مارکسیزم، وە لەلایەکی تر برەوی عەمەلیی بزووتنەوەی کۆمۆنیستیی کرێکاری، بەتایبەت بە بەرپابوونی شۆڕشی کرێکاری 1917 لە ڕوسیا کە کۆمۆنیزمی کردە چرای ئومێدی سەدان ملیۆن کرێکار و زەحمەتکێش لەسەرانسەری جیهاندا، ئەمانە بوونە هۆی ئەوەی کە زۆرێک لە بزووتنەوە غەیرە کرێکاریەکان و تەنانەت غەیرە سۆسیالیستیەکانیش بەدرێژایی سەدەی بیستەم ناوی کۆمۆنیست و مارکسیست بەخۆیانەوە بلکێنن. زۆربەی ئەم بزووتنەوانە نزیکایەتیەکی ئەوتۆیان لەگەڵ ئامانجە سەرەکیەکانی کۆمۆنیزم و مارکسیزمدا نەبوو، ئەوپەڕەکەی خوازیاری کۆمەڵێک ڕیفۆرم و ووردە ئاڵوگۆڕ بوون لە چوارچێوەی خودی نیزامی سەرمایەداریدا.

کۆمۆنیزم ئەو ناونیشانە بوو کە بزووتنەوەی سۆسیالیستی کرێکاری لەسەدەی نۆزدەهەمدا خۆی پێ ناوزەد کردبوو بۆ خۆجیاکردنەوە لە سۆسیالیزمی ناشۆڕشگێڕ و هەندێ جار تەنانەت کۆنەپەرستانەی چینەکانی تر. بەڵام لە سەدەی بیستەمدا ئەم ناوی کۆمۆنیزمەش کەوتبووە بەر دەستدرێژی چینەکانی دیکە و ئیتر بەکردەوە مانا جیاکەرەوەکەی خۆی لەدەستدابوو. لەژێر ناونیشانی گشتیی کۆمۆنیزمدا، کۆمەڵێک ڕەوت و مەیلی کۆمەڵایەتی جۆراوجۆر سەریان هەڵدا کە نە لە تێڕوانین و بەرنامەدا و نە لە پێگەی کۆمەڵایەتی و چینایەتیدا، هیچ نزیکایەتیەکیان لەگەڵ کۆمۆنیزمی کرێکاری و مارکسیزمدا نەبوو. چەند لقێکی ئەم کۆمۆنیزمە غەیرە کرێکاریە، وە لەپێشەوەی هەموویاندا کۆمۆنیزمی بۆرژوایی جەمسەری سۆڤێت، لەبەشی هەرەزۆری سەدەی بیستەمدا بەکردەوە بوون بە شاڕێی سەرەکی و ڕەسمیی کۆمۆنیزم و کۆمۆنیزمی کرێکاریان بەرەو کەنارەگیری و تەریک کەوتنەوە برد.

گرنگترین ڕەوتی کۆمۆنیزمی بۆرژوایی لە سەدەی بیستەمدا بە بەلاڕێدا بردن و دواتر شکست پێهێنانی شۆڕشی کرێکاری لە ڕوسیا قەوارەی گرت. بزووتنەوەی کۆمۆنیستی کرێکاری بە ڕابەرایەتی حیزبی بەلشەفیک توانی لە شۆڕشی ئۆکتۆبەردا دەسەڵاتی دەوڵەتیی چینە دەسەڵاتدارەکان تێکبشکێنێ، حکومەتێکی کرێکاری بەرپا بکات و تەنانەت هەوڵ و تەقەلا سەربازیە ڕاستەوخۆکانی کۆنەپەرستیی شکستخواردوو بۆ گێڕانەوەی دەسەڵاتی خۆی پووچەڵ بکاتەوە. بەڵام سەرباری ئەم سەرکەوتنە سیاسیە، چینی کرێکاری ڕوسیا سەرەنجام نەیتوانی گۆڕانکاری لە بناغەی پەیوەندیە ئابووریەکانی ڕووسیادا پێکبهێنێ، واتە هەڵوەشاندنەوەی نیزامی کاری بەکرێ و ئیشتراکی کردنی هۆیەکانی بەرهەمهێنان. لە نیوەی دووەمی دەیەی بیستدا، لەجەرگەی گوشاری توندی ئابووری پاش جەنگ و شۆڕش، وە لە نەبوونی ئاسۆیەکی ڕۆشن بۆ گۆڕینی سۆسیالیستیانەی پەیوەندیە ئابووریەکاندا، دیدی ناسیۆنالیستی بەسەر سیاسەت و ڕێبازی ئابووری حیزب و بزووتنەوەی چینی کرێکاری ڕوسیادا زاڵ بوو. ئەوەی لەسەردەمی ستالیندا ڕوویدا نەک بنیاتنانی سۆسیالیزم، بەڵکو سازدانەوەی ئابووری نەتەوەیی سەرمایەداری بوو لە ڕوسیادا لەسەر بنچینەی مۆدێلێکی دەوڵەتی و چاودێریکراو. لەجیاتی ئامانجی خاوەنداریێتی هاوبەش و ئیشتراکی، خاوەنداریێتی دەوڵەتیی بەسەر هۆیەکانی بەرهەمهێناندا بەرقەرار بوو. کرێ و پارە و نیزامی کاری بەکرێ هەروا مانەوە. ناکامیی چینی کرێکاری ڕوسیا لە وەدیهێنانی شۆڕش بەسەر پەیوەندیە ئابووریەکاندا، بووە مایەی شکستی سەرتاپای شۆڕشی کرێکاری. چینی کرێکار دەسەڵاتی سیاسی لەدەست دا. لەجیاتی حکومەتی کرێکاری، دەوڵەتێکی تازە بابەتی بۆرژوایی، بە بۆرۆکراسی و دامودەزگایەکی سەربازیی زەبەلاحەوە کە لەسەر ئابووریەکی سەرمایەداری دەوڵەتی دامەزرابوو، لە ڕوسیا سەریهەڵدا.

ئەم مۆدێلە دەوڵەتیە بووە ئەلگۆی ئابووری ئەو جەمسەرە بەناو کۆمۆنیستیەی کە بە لەباربردنی شۆڕشی کرێکاری ئۆکتۆبەر لەئاستی جیهانیدا سەریهەڵدا. دەوڵەتگەرایی ئابوری و دەستبردن بۆ جێگرتنەوەی میکانیزمی بازاڕ بە بەرنامە و بڕیارە ئیداریەکان، ڕادەیەک لە هاوسەنگکردنەوەی سامان و دابینکردنی لانی کەمی خزمەتگوزاریە خۆشگوزەرانیەکان و بیمە کۆمەڵایەتیەکان بۆ هەموان، ئەمە هەموو ناوەڕۆکە بەناو سۆسیالیستیەکەی کۆمۆنیزمی بۆرژوایی یەکێتی سۆڤێت و بلۆکی ڕۆژهەڵات بوو.

بەڵام سۆڤێت تاقە چاوگی قەوارەگرتنی کۆمۆنیزمی بۆرژوایی نەبوو لەم سەدەیەدا. لە ئەوروپای ڕۆژئاوادا چەند لقێک لە کۆمۆنیزمی غەیرە کرێکاری سەریانهەڵدا، کە سەرباری ئەوەی لە هەندێ شتی بنەڕەتیدا لەگەڵ تێڕوانینی ئابووریی کۆمۆنیزمی بلۆکی ڕۆژهەڵاتدا یەکیان دەگرتەوە، واتە لە قەڵەمدانی دەوڵەتگەرایی ئابووری بە سۆسیالیزم و هێشتنەوەی نیزامی کاری بەکرێ، بەڵام لە دیدگای جۆراوجۆری وەک دیموکراسی، ناسیۆنالیستی، ئینسانگەرایی و مۆدێرنیستیەوە دەستیان دایە ڕەخنەگرتن لە ئەزموونی سۆڤێت و خۆیان لەم بلۆکە دوورخستەوە. مارکسیزمی ڕۆژئاوایی، ئۆرۆکۆمۆنیزم، چەپی نوێ و لقە جیاجیاکانی تروتسکیزم لە ڕەوتە بەرجەستەکانی کۆمۆنیزمی غەیرە کرێکاری بوون لە ئەوروپای ڕۆژئاوادا. لە وڵاتانی دواکەوتوو و ژێردەستەی پێشووشدا ناسیۆنالیزم و بۆچوونە دژی ئیستعماریەکانی بۆرژوازی و وردە بۆرژوازی و جاروبار بزووتنەوە جوتیاریەکان بوونە بنەمای جۆرێکی تازە لە کۆمۆنیزمی "جیهان سێیەمی". سەربەخۆیی ئابووری، بەپیشەسازیکردنی خێرای ئابووری نەتەوەیی بەپێی مۆدێلێکی دەوڵەتی و بەرنامەڕێژیکراو، دەربازبوون لە ژێردەستەیی سیاسی ئاشکرای هێزە ئیمپریالستیەکان و جاروبار تەنانەت زیندووکردنەوەی نەریت و میراتی کەلتووریی کۆنی خۆجێی لەبەرامبەر مۆدێرنیزم و کەلتووری ڕۆژئاواییدا، ناوەڕۆکی ئەم جۆرە کۆمۆنیزمەی پێکدەهێنا. نموونەی بەرجەستەی کۆمۆنیزمی جیهان سێیەمی، ماویزم و کۆمۆنیزمی چینی بوو، کە کاریگەریەکی قووڵی لەسەر تێڕوانین و سیاسەتی ڕەوتە بەناو کۆمۆنیستیەکانی وڵاتانی دواکەوتوو دانابوو.

بەرەنجامی سەرهەڵدانی ڕەوتە جۆراوجۆرەکانی کۆمۆنیزمی غەیرە کرێکاری لە سەدەی بیستەمدا، تەریک کەوتنەوە و پاشەکشەی بەرچاوی کۆمۆنیزمی کرێکاری و مارکسیزم بوو. یەکەم، ئامانجە بنەڕەتیەکانی سۆسیالیزمی کرێکاری و لایەنە جیاجیاکانی تیۆری مارکسیزم پێ بەپێی ناوەڕۆکە غەیرە سۆسیالیستی و غەیرە کرێکاریەکانی ئەم بزووتنەوانە کەوتنە بەر پێداچوونەوەو خراپ لێکدانەوەی بنەڕەتی و ئەم لادانانە بە فراوانی لە جیهاندا وەکو مارکسیزم و کۆمۆنیزم ناسێنران. دووەم، چەقی قورسایی کۆمەڵایەتی-چینایەتی کۆمۆنیزمی سەدەی بیستەم لەناو چینی کرێکارەوە گوێزرایەوە بۆ ناو ڕیزێکی فراوان لە توێژە غەیرە کرێکارییەکان. لە ئەوروپای ڕۆژئاوا و وڵاتە پیشەسازیە پێشکەوتووەکاندا ڕوناکبیران و خوێندکاران و قوتابیانی زانکۆ و بەشە ڕیفۆرمیستەکانی خودی چینی بۆرژوا بوونە لانکەی سەرەکی قەوارەگرتن و دەرکەوتنی ڕەوتە کۆمۆنیستیەکان. لەوڵاتە دواکەوتووەکانیشدا، سەرەڕای ئەمانە، جوتیارانی نەدار، وردە بۆرژوازی ناڕازی و لەهەمووانیش زیاتر بۆرژوازی ناسیۆنالیست و سەنعەتگەرا و تامەزرۆی گەشەسەندنی ئابووری نەتەوەیی، پێگەی کۆمەڵایەتی کۆمۆنیزمی غەیرە کرێکاریان پێکهێنا.

لەئەنجامی نەبوونی نەریتێکی ڕیشەداری کۆمۆنیزمی کرێکاریدا، چینی کرێکار بەکردەوە بۆ دەیان ساڵ توانای دەرکەوتنی سیاسی سەربەخۆ و بەهێزی لە چوار گۆشەی جیهاندا لەدەستدا. لە ئەوروپای ڕۆژئاوا و ئەمریکا و تاڕادەیەک لە بەشێک لە وڵاتانی ئەمریکای لاتینیشدا کرێکاران بۆماوەی دەورەیەکی دوورودرێژ بەتەواوی کەوتنە دەستی بزووتنەوەی سەندیکایی و حیزبەکانی باڵی چەپی خودی چینی دەسەڵاتدار، بەتایبەت سۆسیال دیموکراسی، تا ئەو ڕادەیەی کە ئەم ڕەوتانە لەبەرچاوی گشتی و تەنانەت لەدیدی بەشێکی فراوان لە خودی کرێکارانیشەوە وەکو چوارچێوە و لانکی سروشتی و بەڵگەنەویستی بزووتنەوەی کرێکاری سەیر دەکران. لە سۆڤێت و بلۆکی ڕۆژهەڵاتدا لە بەرامبەر پێدانی هەندێ ئیمتیازی لاوەکی بە کرێکاران لە ناوەندی کاردا، بێمافیەکی سیاسی و بەتاکخستنەوەیەکی بەرین لە ئاستی کۆمەڵگە بەسەر چینی کرێکاردا سەپێنرا. لە بەشی هەرەزۆری وڵاتانی دواکەوتووتردا، تەنانەت خودی پێکهێنانی حیزب و دامەزراوە کرێکاریەکانیش تەنها وەکو خەونێکی سەرکوتکراو مانەوە.

لقە سەرەکیەکانی کۆمۆنیزمی بۆرژوایی لەچەند دەیەی ڕابردوودا یەک لەدوای یەک بە بنبەست گەیشتن. دوا قۆناغ، هەرەسهێنانی سەرسوڕهێنەرانەی سۆڤێت و بلۆکی ڕۆژهەڵات بوو لە ساڵانی کۆتایی هەشتاکان و سەرەتای نەوەتەکاندا کە قسەکەرانی بۆرژوازی بە نەشئەی سەرکەوتنەوە بە "کۆتایی کۆمۆنیزم" ناوزەدیان کرد.

سەرەڕای کەشوهەوای دژی کۆمۆنیستیی سەرەتای نەوەتەکان و هاتوهاواری وڕوکاسکەری بۆرژوازی لەمەڕ سەردەمی "هەرەسهێنانی کۆمۆنیزم" و سەرباری ئەو هەموو کوێرەوەریەی کە دوابەدوای داڕوخانی بلۆکی ڕۆژهەڵات بەسەر سەدان ملیۆن کەس لە خەڵکی سەراسەری جیهاندا داباری، ڕەوتی ئێستای بارودۆخەکە نیشانەی کرانەوەی کەشوهەوایە بۆ سەرهەڵدانەوەی سەرلەنوێی کۆمۆنیزمی کرێکاری لەنێو جەرگەی گۆڕەپانی سیاسیدا، بەتایبەت لەوڵاتانی پێشکەوتووی پیشەسازیدا. مەرجێکی سەرەکی ئەم کارە، بەستراوەتەوە بە بەرامبەرکێی فیکری و سیاسی توندوتۆڵ لەگەڵ لقە جیاجیاکانی کۆمۆنیزمی بۆرژواییدا کە بە پێشڕەویی بزووتنەوەی چینی کرێکار و پەرەسەندنی برەوی مارکسیزم و کۆمۆنیزمی کرێکاری، دیسانەوە لەبەرگی جۆراوجۆردا سەربەرز دەکەنەوە.

ماویەتی





# وەستا جەلال: ڕیشەی سەرهەڵدانی ئەم شۆڕشەی خەلکی شۆڕشگێڕی ئێران، دەگەڕێتەوە بۆ ئەو هەموو زولم و ستەمە، ئەو هەموو ناعەداڵەتی و نایەکسانیە و ئیعدام، هەژاری و بێکاری، نەبونی ئازادی و سەربەخۆیی، زیندانیکردنی ژنان و لاوان

## دیمانەی بۆپێشەوە لەگەڵ هاوڕێ وەستا جەلال ئەندامی یەکێتی کۆمۆنیستەکان، سەبارەت بە هەستان و ڕاپەرینی خەڵکی ئێران و ئایندەکەی...

**بۆپێشەوە: چۆن دەروانە ڕاپەرینی خەڵکی ئێران و ڕیشەی ئەم خرۆشان و ڕاپەرینە لە چیدایە؟**

**وەستا جەلال:** ڕیشەی سەرهەڵدانی ئەم شۆڕشەی خەلکی شۆڕشگێڕی ئێران، دەگەڕێتەوە بۆ ئەو هەموو زولم و ستەمە، ئەو هەموو ناعەدالەتی و نایەکسانیە و ئیعدام، هەژاری و بێکاری، نەبونی ئازادی و سەربەخۆیی، زیندانی کردنی ژنان و لاوان. کە کۆماری ئیسلامی ئێران. بەسەر ژنان، لاوان، مامۆستا، کرێکار و خەلکی ئەژمار دەکرێن، لاوان لە هەموو خۆشیەکی ژیان بێبەش کراوان، زۆربەی لاوان بێکارن، باری ئابوری لاوان زۆر خراپە، ئەوانەی کە زانکۆش تەواو دەکەن کارێکیان دەست ناکەوێت. لاوان ناتوانن بچنە ناو پرۆسەی هاوسەگیری و ژیانێکی ئاسایی بۆخۆیان دیاری بکەن. مەیدانی کارکردن بۆ ژیان بەپێی یاساکانی کۆماری ئیسلامی ئێران زۆر بەرتەسک کراوەتەوە، ئەگەر هەشبێت زۆر کەمە، لاوان. ژنان و خەڵکی ئێران و کوردستان، هیچ ئازادیەکیان نییە، ئازادی کۆڵانەکان ڕۆژانە لە بەهێزبووندایە، یەکێتی و یەککگرتویی نێوان خەڵکی شۆڕشگێرو لە زیادبوندایە، کۆماری ئیسلامی ئێران لەبەرامبەر ئەو ئیرادەو هێزەی خەڵکی شۆڕشگێر، تەنها بۆ ماوەیەک دەتوانێت، لە ڕێگای ترس و تۆقاندن و زیندان و ئیعدام درێژە بە مانەوەی خۆی بدات، بەلام لە درێژ ماوەدا دەسەڵاتی کۆماری ئیسلامی ئێران کۆتایی پێدێت، کۆماری ئیسلامی ئێران تازە ناتوانێت خۆی لەبەرامبەر شەپۆلی شۆڕشی لاوان و ژنان ڕابگرێت، کرێکاران دەستیان بە مانگرتنی گشتی نەکردوە، بەشێک لە سوپاو هێزی چەکداری سەربە رژێم، کە کوری و باوک و برای ئەو خەلکە شۆرشگێرەن، ئەوانیش تاکو ئێستاکە چەکەکانیان دژ بە رژێم بەکار نەهێناوە، ئەگەر شۆڕش بەردەوام بێت، بەشێکی زیاتر لە کرێکاران، ماموستا و هێزی چەکدار، بۆ ڕوخانی کۆماری ئیسلامی ئێران، دەچنە پشتی ژنان و لاوانی شۆڕشگێر، لەوکاتەدا رژێم توانایی بەرگری و سەرکوتی شۆرشی نامێنێت.

**کۆماری ئیسلامی ئیران لەسەر لێواری روخان ولەناوچونیەتی، بەشێك لە پایەکانی داروخاون، ئیرادەو توانایەکانی خەلك لەسەر شەقام و کۆڵانەکان ڕۆژانە لە بەهێز بووندایە، یەکێتی و یەکگرتویی نێوان خەڵکی شۆڕشگێر و لە زیادبوندایە، کۆماری ئیسلامی ئێران لەبەرامبەر ئەو ئیرادەو هێزەی خەڵکی شۆڕشگێر، تەنها بۆ ماوەیەك دەتوانێت، لە ڕێگای ترس و تۆقاندن و زیندان و ئیعدام درێژە بە مانەوەی خۆی بدات، بەلام لە درێژ ماوەدا کۆتایی پێدێت...**

**بۆپێشەوە: بەرەی کۆنەپەرستی و بەتایبەتی ئیسلامی سیاسی هەراسانی ڕاپەڕین و شۆرشی جەماوەری ئێرانن، ئەمە بۆچی دەگەڕیتەوە؟ ڕاپەرین و شۆرش لە ئێران، چ کاریگەرییەکی لەسەر ئیسلامیەکان دەبێت؟**

**وەستا جەلال:** هەموو هێزە ئیسلامیەکان بەتایبەتی هێزە ئیسلامیەکانی عێراق و کوردستان، زۆر نیگەرانن بە روخان و لاوازبونی کۆماری ئیسلامی ئێران، لاوازبوون یان بەهێز بوونی بەشێکی زۆر لە ستراتیژی ئیسلامی سیاسی لە عێراق و ناوچەکە گرێدراوە بە کۆماری ئیسلامی ئێران، رژێمی ئێران هاوکاری مادی و مەعنەوی زۆربەی هێزە ئیسلامیە سیاسیەکانی جیهان و بەتایبەتی ناوچەکەیە، بۆیە لە ئێستادا ئیسلامی سیاسی لە عێراق و کوردستان، بە شێوەی جواروجۆ پشتیوانی لە کۆماری ئیسلامی ئێران دەکەن. هێزو توانایەکانی خۆیان دژبە هەموو رادیکالیزم و بزوتنەوەیەکی ئازادیخوازانە زەحمەتکێشی داسەپاندوە، پێشێلکردنی مافی ژنان لە مەیدانی سیاسی و ئابوری و کۆمەڵایەتیدا. ئەمانە پایەی سەرهەڵدانی ئەو شۆڕشەی خەڵکی ئێرانە، ئاوات، ئامانج و داخوازیەکانی خەلکی ئێران لەگەڵ ئەم رژێمە کۆنەپەرستە جیاوازەو یەک ناگرێتەوە، ڕژێمی کۆماری ئیسلامی ئێران، لەسەر زولم وستەم و نابەرابەری و ئیعدام وەستاوە، کۆماری ئیسلامی ئێران دژی هەموو خۆشگوزەرانیەکی خەلکی ئێرانە، خەڵکی ئێران بەتایبەتی ژنان و لاوان بەدوای ژیانێکی ئازادو بەرابەرەوەن، بۆیە نایانەوێت لەژێر ئەم دەسەڵاتە وەحشیگەریەی کۆماری ئیسلامی درێژە بە ژیان بدەن.

رۆژنامەوانی، ڕێکخراوبون، پێکهێنانی کۆڕو کۆمەڵی کچان و کوڕان، ڕێکخراوەی مەدەنی و سیاسی، قەدەغە کراوە. لاوان، ژنان خەڵکی ئێران بە گشتی ناتوانن بە ئازادی قسە بکەن. هەموو ئەمانە کێشەی لاوان، ژنان و خەڵکی ئێرانە، لەبەرامبەر ئەوەش ئاستی وشیاری و ئاگایی ژنان و لاوان چۆتەسەرەوە، ناتوانن لەوە زیاتر بەرگەی بگرن و قبوڵی بکەن، خەڵکی ئێران هیچ تازە ڕژێم ناتوانێت لە ریگای چاکسازیشەوە دەسەڵاتی خۆی لەمردن ڕزگار بکات. لەبەرئەوەی خەڵکی شۆڕشگێری ئێران بەهیچ شێوەیەک ئەو ڕژێمە کۆنەپەرستەیان ناوێت، لەوبارەوە قوربانی زۆریان داوە، ئامادەن لەوەش زیاتر قوربانی بۆ ڕوخانی ئەو ڕژێمە بدەن.

**بۆپێشەوە: بەم دوایانە رژێمی ئیران، دەستی داوەتە سەرکوت و کوشتاریکی بێ وێنە، لەدژی خۆپیشاندەران و هەڵسوڕاوانی ئایا زەبروزەنگ و سەرکوت، دەتوانێت پاشەکشە بەم بزوتنەوە شۆرشگێرانەیە بکات؟**

**وەستا جەلال:** سەرەڕای دەست نەپاراستنی رژێمی کۆماری ئیسلامی ئێران، لە کوشتن و ئیعدام کردنی خۆپیشاندەران، بەڵام تاکو ئێستاکە خۆپیشاندانەکان و بەشداریکردنی توێژەکانی تری کۆمەڵگە رۆژ بەرۆژ لە زیاد بوندایە، کەواتە کۆماری ئیسلامی ئێران تاکو ئێستاکە نەی توانیوە لە ڕێگای کوشت و کوشتار پێش بە شۆڕشی خەلکی ئێران بگرێت. هەروەها تاکو ئێستاکە بەشێکی زۆر لەخەلکی ئێران بەتایبەتی کارمەند و دەردەبرِن و هەوڵدەدەن پێشی پێ بگرن. لەگەڵ دەست پێکردنی خۆپیشاندانی ژنان و لاوانی شۆڕشگێر لە ئێران، ئیسلامی سیاسی لە هەرێمی کوردستان دەستی داوەتە تەبلیغ و هێرش کردنە سەر ماف و ئازادییەکانی خەلکی هەرێم بەتایبەتی بۆسەر مافەکانی ئازادی ژنان، وەکو مافی بالآپۆشی، حیجاب، هاوسەرگیری، گەشتوگوزار و تەڵاق...هتد. لە مزگەوت و میدیا و کۆڕو کۆبونەوە بەردەوام بەشێوەی بەرنامەی داڕێژراو کاری بۆ دەکەن. بەشێوەیەک دەیانەوێت هاوپشتی وهاوخەمی خۆیان بۆ کۆماری ئیسلامی ئێران دەرببڕن، بەڵام

**ئیسلامی سیاسی لە هەرێمی کوردستان لەگەڵ ڕوخانی کۆماری ئیسلامی ئێران، پشتیوانیەکی بەهێز لەدەست دەدات، بۆیە ڕووبەڕوی کۆمەڵێك کێشەو پاشەکشە لە مەیدانی سیاسی و کۆمەڵایەتی دەبێتەوە..**

**بۆپێشەوە: یەکێک لە تایبەتمەندیەکانی ڕاپەرینی ئیستای خەڵکی ئیران، بەشداری بەرجەستەی ژنان و لاوانە، هۆکاری ئەم تایبەتمەندییە چییە؟**

**وەستا جەلال:** لاوان، ژنان، مامۆستا، خوێندکار، کرێکار و خەڵکی زەحمەتکێش، بێ بەشترین توێژو چینی ستەم لێکراوی نێو کۆمەڵگەن ئێرانن، لەژێر دەسەڵاتی ئەم رژێمە کۆنەپەرستە، ژنان مافی هاوسەرگیری. پۆشینی جلّ وبەرگ، گەشتوگوزار، وەرزش و هونەریان ئازادانەیان نییە، لەژێر دەسەڵاتی ئەم ڕژێمە ژنان تاکو ئێستا وەکو مرۆڤی پلە دوو ڕێگایەکی تریان نەماوە جگە لە دەست پێکردنی شۆڕش بۆ روخانی کۆماری ئیسلامی ئێران. بۆیە زۆرترین بەشداربوانی شۆرشی ئێران ژنان و لاوانن.

**بۆپێشەوە: ئەم ڕاپەرین و خرۆشانە جەماوەرییە، کۆتایی بەدەسەڵاتی جمهوری ئیسلامی دەهێنێت، یان نا و هیشتا هاوسەنگی هیز بەو ئاستە نەگەیشتووە، کە دەسەڵات بروخێنێ؟**

**وەستا جەلال:** کۆماری ئیسلامی ئیران لەسەرلێواری روخان ولەناوچونیەتی، بەشێک لە پایەکانی ڕژێم داروخاون، ئیرادو توانایەکانی خەلک لەسەر شەقام و

بۆ لاپەڕە... 15



# مستەفا باهیر: بزوتنەوەی کریکاری و بزوتنەوەی ژنان، بزوتنەوەی دژە ئیسلامی، سێ باڵادەسترین ڕەوتی نارەزایەتییەکانی ئێرانن ڕۆژ لە دوای ڕۆژ بەرەو پێشەو دەڕۆن...

## دیمانەی بۆپێشەوە لەگەڵ مستەفا باهیر، ئەندامی کۆمیتە ناوەندی حزبی کۆمۆنیستی کرێکاریی کوردستان، سەبارەت بە" ڕاپەرینی خەڵکی ئێران و ئایندەی ئەم خرۆشان و ڕاپەرینە"...

**بۆپێشەوە: زیاتر لە ١٠٠ ڕۆژە، جەماوەری ئازادیخواز لە کوردستان و ئێران، دەستیان داوەتە ڕاپەڕین و خرۆشانێکی جەماوەری بەدژی دەسەڵاتی جمهوری ئیسلامی، هۆکار و ریشەی ئەم خۆپیشاندان و نارەزایەتییە جەماوەرییە لە چیدایە؟**

**مستەفا باهیر:** سەرەتا زۆر سوپاس بۆ ئەم دەرفەتە.

لە کاتی دەرچوونی ئەم ژمارەیەی بلاوکراوەی بۆپێشەوە، نزیکەی ٤ مانگە بەرابرایەتی ژنان، جەماوەری ئازادیخوازی ئێران دژ بە رژێمی کۆنەپەرستی ئیسلامی ئێران ڕاپەریون و ڕژاونەتە سەرشەقامەکان. هەرچەندە سەرەتای خۆپیشاندانەکان دەگەڕێتەوە بۆ ١٦ی ئەیلولی ٢٠٢٢ " کاتێک پۆلیسی ئەخلاقی ئێرانی کچێکی گەنجی کورد بەناوی (مەهسا ئەمینی) کە بەسەردان چووەتە تارانی پایەتەختی ئێران، بەهۆی باش نەپۆشینی حجابەوە دەگیرێت و پاشان لە ژێر ئەشکەنجەدا دەکوژرێت. لەدوای ئەم کارە دژە ئینسانیەی پۆلیسی ئەخلاق خەڵکی ئێران ڕادەپەرن. بەڵام بەڕای من نارەزایەتی دژی دەسەڵاتی ئیسلامی ئێران ڕیشەکەی دەگەڕیتەوە بۆ سەرەتاکانی بەدەستەوە گرتنی دەسەلات لە لایەن ئاخوندەکانی ئێرانەوە، ئەویش بەهۆی ئەو نابەرابەریە ئابورییە قوڵەی کە بووتە هۆی جیاوازی چینایەتی بەشێوەیەکی بەرچاو لە ئێراندا، ریشەی ئەم نارەزایەتیە دەگەڕیتەوە بۆ بوونی بێکاری و گرانی و هەژاری، نەبوونی سەرەتاییترین مافە جیهانیەکانی ئینسان لە ئێران، نەبوونی سەرەتایی مافی ژنان و لاوان... داسەپاندنی یاسای سەدەکانی ناوەراست کە یاسای کۆنەپەرستی ئیسلامیە بەسەر تەواوی کۆمەڵگەداو بەتایبەتی بەسەر ژناندا، لەوانە حجاب وەکو یەکێک لە رەمزەکانی کۆیلەتی. لەماوەی ٤٤ ساڵەی دەسەڵاتداریتی مەلاکان لە ئێران خۆپیشاندان و نارەزایەتی لەلایەن تەواوی بزوتنەوەکانی ئێرانەوە بەردەوام بووە و بەرۆکی بەم دەسەڵاتە گرتوە، بۆیە ریشەی خۆپیشاندان و مانگرتن و ئەم ڕاپەرینەی ئێستا، درێژکراوەی ڕاپەرینەکانی پێشووی کۆمەڵگەی ئێرانە، درێژکراوەی نارەزایەتی ژنانە بە حجاب و سەرکوت و بێمافیی، درێژکراوەی بزوتنەوەی مامۆستایان و خانەنشینانە، درێژکراوەی بزوتنەوەی دژی بیکاریی و نەفرەتی خویندکاران و لاوانی هیوا خنکێنراوە، درێژکراوەی بزوتنەوەی شۆرشگێرانەی خەڵکی کوردستان و نەتەوەکانی ترە درێژکراوەی بزوتنەوەی کرێکارییە....تاد

### کۆتاییهێنان بە دەسەڵاتی کۆنەپەرستی جمهوری ئیسلامی ئێران، تەنها کۆمەڵگەی ئێران لەدەستی ئاخوندەکان رزگار ناکات، بەڵکو دەستی ئەو رژێمە لەسەر ژیان و گوزەرانی دانیشتوانی وڵاتانی ناوچەکە دەبڕێت ...

بەکورتی دەتوانین بڵێین لەماوەی ٤٤ ساڵەی دەسەڵاتدارێتی جمهوری کۆنەپەرستی ئیسلامی ئیران ژیان و گوزەرانی خەڵکی ڕۆژە لەدوای ڕۆژ لە خراپەوە بۆ خراپتر دەڕوات. بۆیە ریشەی ئەم نارەزایەتی و خۆپیشاندانانە دەگەڕێتەوە بۆ ئەوکاتەی کە ئاخوندەکان لە ئێران دەسەڵاتیان گرتە دەست. هەرچەندە مەرگی "مەهسا ئەمینی" لەناو دڵی ئەو نارەزایەتییە فراوان و بەرین و کۆمەڵایەتیەدا، بووە هۆی کڵپەسەندنی دوبارەی ئەو پشکۆ و ئاگری ژێر خۆڵەمێشەی دەیان ساڵە لە کۆمەڵگەی ئێراندا ئامادەیی هەیە.

**بۆپێشەوە: ئایندەی ئەم ڕاپەرینەی ئێستا چۆن دەبینن؟ لاتان وایە ڕژێمی ئێران دەتوانێت پاشکەشەی پێ بکات، یان بەرەو ڕوخاندنی رژێم دەڕوات و کۆتایی بە دەسەڵاتی دەهێنێت؟**

### کاتی ئەوە هاتووە کرێکاران بتوانن ڕابەرایەتییەك دروست بکەن کە بتوانێت بە شێوەیەکی یەکلاییکەرەوە چینی کرێکار خۆی دەسەڵات بگرێت، چونکە ئەوە تەنها کرێکارانن دەتوانن کۆتایی بەو دەسەڵاتە بێنن و ژیانێکی ئارام بۆ خۆیان و خەڵکی زەحمەتکێشی ئێران دابین بکەن ...

**مستەفا باهیر:** دەتوانین بپرسین ئایا مێژوو خۆی دووبارە دەکاتەوە؟ لەکاتێکدا کە خەڵکی زەحمەتکێشی ئیران لە ساڵی ١٩٧٨ دژی شائی ئێران ڕاپەرین، لەرۆژی ١٨ی ئابی ١٩٧٨ کۆمەڵێکی نەناسراو کە دواتر دەرکەوت "ئیسلامیەکان بوون"، سینەمایەکیان لەشاری عەبەدان سوتاند کە بووە هۆی مردنی ٤٠٠ کەس، خەڵکی ئێران ئەو کاتە رژێمی شایان تاوانبار کرد، هەربۆیە لەکاتی مەراسیمی ناشتنی مردوەکان لەلایەن بەشداربوانەوە دروشمی "مەرگ بۆ شا، بروخێ دیکتاتۆر" یان دەوتەوە، پاشان ئەم دروشمانە بوو بە وێردی سەرزمانی کرێکاران و خەڵکی زەحمەتکێشی ئێران ڕۆژ لە دوای ڕۆژ خۆپیشاندانەکان پەرەی سەندو تا بووە هۆی ڕوخاندنی دام و دەزگای شا لە ئێران.

هەرچەندە لەئێستاشدا دروشمی "نەمان بۆ خامەنەی، بروخێ دیکتاتۆر" دەوترێتەوە، هەرچەندە ئاخوندەکان ژمارەیەکی زۆریان لەخۆپیشاندەران کوشتوە و ژمارەیەکی زۆریشیان گرتوە و فەرمانی سێدارەیان بەسەردا سەپاندون، بەڵام ئەمانە نەبونەتە هۆی سارد بونەوەی خۆپیشاندان و مانگرتنەکان. هەرچەندە ڕاپەرین لە ئێران بۆتە سەکۆیەک بۆ هاوئاهەنگی بزوتنەوە کۆمەڵایەتیە شۆرشگێر و ئینسانیەکان، لەسەرتاسەری وڵاتدا و بزوتنەوە سیاسی و کۆمەڵایەتیەکان بەرەو پێشەوە دەبات. هەرچەندە بزوتنەوەی کرێکاری و بزوتنەوەی ژنان، بزوتنەوەی دژە ئیسلامی، کە سێ باڵادەسترین ڕەوتی نارەزایەتییەکانی ئیرانن ڕۆژ لە دوای ڕۆژ بەرەو پێشەو دەڕۆن و خۆیان باشتر ئامادە دەکەن و ڕیکخراو دەبن، هەرچەندە لە ئێستادا خواستی کۆتاییهێنان بەدەسەڵاتی کۆنەپەرستی جمهوری ئیسلامی ئێران، دەسەڵاتی حکومەتی پەت و سێدارە، نەک تەنها بۆتە خواست و داواکارییەکی سەرەکی سەرتاسەری خەڵکی ئێران، بەڵکو بووەتە خواست و ئومێدی ئازادیخوازانی جیهان بەگشتی و ناوچەکە بەتایبەتی.

بەڵام بەهۆی ئەوەی کە تاوەکو ئێستا ژمارەی خۆپیشاندەران کەمە لە شارەکان بە ڕیزی ملیۆنی نەهاتونەتە مەیدان، بەتایبەتی لە تارانی پایەتەخت، بەهۆی ئەوەی چینی کرێکار نەبونەتە هۆی ڕاوەستانی بەرهەمهێنان بەتایبەتی لە بواری نەوتدا و نەیانتوانیوە فشارێکی گەورەی ئابوری لەسەر ئاخوندەکان دانێن، هەروەها بەهۆی ئەوەی کە ئێران سەرەرای بوونی سوپایەکی درندەی وەک سوپای پاسداران خاوەنی ملیشیایەکی زۆرە لە ناوچەکە وەک (عیراق، سوریا، لوبنان، یەمەن ...تاد) ئەم هێزە دژە ئینسانیانە لەبەردەستەوە هەرکات بیەوێت دەتوانێت سودیان لێوەرگرێت، ئاخوندەکانی ئێرانیش هێچ کات سڵ لەوە ناکەنەوە کە بکەونە قەتل و عامی دانشتوانی ئێران. بێجگە لەمانەش ئەمریکاو وڵاتانی ڕۆژئاوا و ڕوسیا لە بەرژەوەندیان نییە کەهێزێکی ڕادیکالی پێشکەوتوخواز لە ئێران دەسەڵات بگرێت، بۆیە نایانەوێت تەوای سیستەمەکە بروخێت وەک ئەوەی خەڵکی ئێران خوازیارن، بەڵکو ئەمریکاو ڕوسیاو دەوڵەتانی ڕۆژئاوا دەیانەوێت ئەگەر گۆرانکاریش بکەن، تەنها لە دەموچاوەکاندا بیکەن. بۆیە بەڕای من ڕوخاندنی ئەم رژێمە لە ئێستادا قورس دەبینم. بەڵام دەتوانین بڵێین بناغەی ڕوخاندنی رژێم دەستی پێکردوە، هیچ کات رژێم ناتوانێت وەک دەورانی پێش خۆپیشاندانەکان واتە پێش ١٧ی ئەیلولی ٢٠٢٢ " یاساکانی خۆی جێبەجێ بکات، ناچارە ئەگەر بە فەرمیش نەبێت واز لە سەرکوتکردنی ژنان بێنێت بەتایبەتی لەسەر حجاب، ناچار دەبێت کە دەستبەرداری پۆلیسی ئەخلاق ببێت، بەکورتی رژێم ناچار دەبێت کە کۆمەڵێک ریفۆرم بکات لەبەرژەوەندی خەڵکی ئێران بەگشتی و ژنان و نەتەوەکانی تر بەتایبەتی.

**بۆپێشەوە: ئەم ڕاپەرین و خرۆشانە جەماوەرییەی ئێران، چ کاریگەرییەکی لەسەر وڵاتانی دەوروبەر و بزوتنەوە سیاسییەکان دەبێت؟ بەتایبەتی لەسەر ئیسلامییەکان؟**

**مستەفا باهیر:** گومان لەوەدا نییە کاتێک ئاخوندەکانی ئێران، دەسەڵاتیان گرتە دەست، تەنها کۆمەڵگەی ئێرانیان نەکردە زیندانێکی گەورە بۆ دیلکردنی ئازادی و مافە سەرەتاییەکانی ئینسان، بەڵکو لەسەر داهات و قوتی خەڵکی هەژاری ئێران کەوتنە یارمەتیدانی بەرەی کۆنەپەرست لە ناوچەکە و ئەحزابی ملیشیایی ئیسلامی سەر بە ئاخوندەکانیان لە وڵاتانی ناوچەکە دروستکرد. لە ڕێگای ئەم حزبە ئیسلامیانەوە کەوتنە هێرش کردن بۆسەر بەرەی ئازادیخواز و پێشکەوتنخوازی کۆمەڵگە لە ناوچەکە. ئەم حزبە ئیسلامیانە وەک هێزێکی ئەلقە لەگوێی مەلاکانی ئێران ئامادەبوون بۆ هەرکارێک کە ئاخوندەکان

بۆیان دیاری دەکەن. بەم شێوەیە ئەم دەسەڵاتە کۆنەپەرستە، تەنها نەبووە مەترسی بۆسەر جەماوەری کریکار و زەحمەتکێشی ئێران، بەڵکو وەکو دەسەڵاتێکی هاڕو دڕندە چنگی لە دەیان وڵاتی ناوچەکە گیرکردوە، بوو بە سەرچاوەی بەهێزکردنی گروپە تیرۆریستە ئیسلامییەکان و ئەمەش بووە هۆی نائارام کردنی ئەو وڵاتانەو پیشیلکردنی ئیرادەی سیاسییان.

بۆیە کۆتاییهێنان بە دەسەڵاتی کۆنەپەرستی جمهوری ئیسلامی ئێران، تەنها کۆمەڵگەی ئیران لەدەستی ئاخوندەکان رزگار ناکات، بەڵکو دەستی ئەو رژێمە لەسەر ژیان و گوزەرانی دانیشتوانی وڵاتانی ناوچەکە دەبڕێت. بەجیا لەمانە ڕوخانی جمهوری کۆنەپەرستی ئیسلامی ئێران دەبێتە هۆی ئاڵوگۆڕێکی گەورە لە تەواوی ناوچەکەدا، دەبێتە هۆی لاوازبوون یاخود نەمانی هێزە کۆنەپەرستەکانی ناوچەکە بەتایبەتی گروپە ئیسلامیەکان. بەلەناوچونی ئەم هێزە کۆنەپەرستە دژە ئینسانیانە دەرگا بەرووی بەرەی ئازادیخواز و پێشکەوتوخوازو ئینسان دۆستی ناوچەکە دەکرێتەوەو لەهەموو زەمینەکانی ژیانی کۆمەڵایەتیدا پێشکەوتن بەخۆیەوە دەبینێت. بەکورتی هەر وەک چۆن لەسەرەتای هاتنی ئەم رژێمە جەماوەری دیلی دەستی کۆنەپەرستی کرد، بە کۆتاییهاتنی ئەم دەسەڵاتە خەڵکی ناوچەکە ئاسۆی ژیانی ئازادانەو مافەکانیان و ئیرادەیان بۆ دەگەڕێتەوە...

**بۆپێشەوە: بە چ جۆریک دەبێت خەڵکی ئازادیخوازی ناوچەکە پشتیوانی لە خەڵکی راپەڕیووی ئیران بکەن؟**

**مستەفا باهیر:** گومان لەوەدا نییە کە خەڵکی ڕاپەڕیوی ئێران جەماوەری تینوی ئازادی، پێویستی بە پشتیوانی جەماوەری ئازادیخواز لە دنیای دەرەوە هەیە، پیویستی بە پشتیوانی ڕیکخراو سەندیکا کرێکارییەکان، ڕێکخراوەکانی بەرگری لەمافی ئینسان، ژنان و بزوتنەوەی نارەزایەتی لە وڵاتەکانی جیهان و ناوچەکە هەیە. هەربۆیە لەدوای ڕاپەڕینی خەڵکی ئیران دژ بە رژێمی کۆنەپەرستی ئیسلامی ئێران. شان بەشانی ئەوان ئازادیخوازان و کۆمۆنیستەکان کە بەشێکی زۆریان ئەوانەن کە لەئەنجامی ستەم و زۆرداری ئەم ڕژێمە فاشیستە وڵاتیان بەجێهێشتووە، لەزۆربەی وڵاتانی جیهان بەتایبەتی لە ئەوروپاو ئەمریکا ڕژانە سەرشەقامەکان بۆ پشتگیری لە خەڵکی ڕاپەڕیوی ئێران. لە ئێستاشدا کە

نزیکەی ٤ مانگە ڕاپەڕین لە ئێران بەردەوامە لەو وڵاتانە کەم رۆژ و هەفتەیە هەیە ناوەند و سەنتەری شارەکان نەبنە نمایشی کۆبونەوەی جەماوەری و پشتیوانی لە ڕاپەڕینی خەڵکی ئیران نەکەن. بەڵام ئەوەی

> **ئەوەی کە گرنگە دەبێت سەرپەرشتیاری ئەم ناڕەزایەتیانە لەدەرەوەی وڵات، خۆپیشاندانەکانیان بخەنە بەردەم سەفارەتەکانی رژێمی ئێران و بەردەم دامودەزگای ئەو وڵاتانەی کە تییایدا دەژین، پێویستە داوای داخستنی سەفارەتەکان و برینی پەیوەندیەکانیان لەگەڵ دەسەڵاتی جمهوری ئیسلامی ئێران بکەن...**

کە گرنگە دەبێت سەرپەرشتیاری ئەم نارەزایەتیانە، خۆپیشاندانەکانیان بخەنە بەردەم سەفارەتەکانی رژێمی ئێران و بەردەم دامودەزگای ئەو وڵاتانەی کە تییایدا دەژین، پێویستە داوای داخستنی سەفارەتەکان و برینی پەیوەندیەکانیان لەگەڵ دەسەڵاتی جمهوری ئیسلامی ئێران بکەن.

بەڵام بە نسبەت وڵاتانی ناوچەکە بەتایبەتی ئەو وڵاتانەی کە هێزە ئیسلامی و ناسیۆنالیستەکان دەسەڵاتدارن تیایداو وەلائیان بۆ ئێران هەیە و ڕێگریەکی گەورە دەخەنە بەردەم خەڵکی زەحمەتکێش و ئازادیخوازی ئەو وڵاتانە، تا پشتیوانی لە خەڵکی راپەریو ئیران نەکەن. سەرەڕای ئەو هەمو ڕێگریە، هەرچەندە بەپێی پێویست نەبووە، بەڵام لەلایەن ئازادیخوازان و ژنان و کۆمۆنیستەکانی بەشێک لەوڵاتانە بۆنمونە (ئەفغانستان، تورکیا، سوریا ،عیراق، کوردستان) بە شێوازی جیاواز پشتیوانی خۆیان بۆ خەڵکی ڕاپەڕیوی ئێران دەربڕیوە.. بەڵام لە ئێستادا یەکێک لە ئەرکە گرنگەکانی بەردەم، رەوت و هێزە چەپ و کۆمۆنیست و سیاسییە شۆڕشگێر و ژنان و هێزە پیشکەوتنخوازەکان ئەوەیە ڕێگای گونجاو بدۆزنەوە بۆ پشتیوانیکردنی خەڵکی ڕاپەڕیوی ئێران. چونکە خەڵکی ڕاپەڕیوی ئێران پێویستیان بەهەمو جۆرە هاوکاریەک هەیە، هەرلەکۆمەکی مادی تادەگاتە پەیداکردنی پێداویستی تەندروستی و، هاوکاری مادی و مەعنەوی و لۆجیستیکی و میدیایی هەیە....تاد. چونکە بەهەر ئەندازەیەک بزوتنەوەی روخانی ئاخوندەکان لەئێران بچیتە پێشەوە، بەهەمان ئەندازە هێزی کۆنەپەرست لەناوچەکە هەر لە حزبە ئیسلامیەکان تا دەگاتە سەلەفیەکان و ناسیۆنالیستەکان، مەیدانیان لێ بەرتەسک

دەبێتەوە، بەپێچەوانەوە بەرەی ئازدیخواز و سیکۆلاریزم پێش دەکەویت و ژنان و لاوان و خەڵکی ئازادیخوازی ناوچەکە هەناسەی ئازادی هەڵ دەمژن و ئومێد بە رزگارییان باڵا دەکات... بۆیە پێویستە بەهەموو شێوازێک پشتیوانی لە راپەرینی خەڵکی ئێران بکرێت و کەناڵەکانی هاوکاریکردنی ئەم جوڵانەوەیە بەدەستەوە بگیریت.

**بۆپێشەوە: رۆڵی چینی کرێکار لەم راپەرینەدا چۆن دەبینن و چ ئەرکێک لەسەر شانی چینی کرێکارە؟**

**مستەفا باهیر:** دیارە ئەمرۆ ئێران لە

> **یەکێك لە ئەرکە گرنگەکانی بەردەم، ڕەوت و هێزە چەپ و کۆمۆنیست و سیاسییە شۆڕشگێر و ژنان و هێزە پیشکەوتنخوازەکان ئەوەیە ڕێگای گونجاو بدۆزنەوە بۆ پشتیوانیکردنی خەڵکی ڕاپەڕیوی ئێران. چونکە خەڵکی ڕاپەڕیوی ئێران پێویستیان بەهەمو جۆرە هاوکاریەك هەیە، هەرلەکۆمەکی مادی تادەگاتە پەیداکردنی پێداویستی تەندروستی و، هاوکاری مادی و مەعنەوی و لۆجیستیکی و میدیایی هەیە..**

قۆناغێکی شۆڕشگیرانەدایە، هەمو بزوتنەوەکان بە تەوژمیکی گەورە وە دەچنە پێشەوە. بەتاییەتی بزوتنەوەی کریکاریی، کە تایبەتمەندیەکی زۆر جیاوازی هەیە و مێژویەکی زۆر پرشنگداری هەیە لە ئێرانداو خاوەنی تەجروبەیەکی زۆرە لە مانگرتن و خۆپیشاندان و خاوەنی کۆمەڵێک رابەری بە ئەزمونن. لە مێژووی ئێراندا کرێکاران دەورو نەخشیان هەبوە لە ڕوداوەکاندا ئەگەر مانگرتنی کرێکاران نەبوایە بەتایەتی کرێکارانی کۆمپانیای نەوت، ڕژێمی شای ئێران لەساڵی ١٩٧٩ وا بە زووی نەدەڕوخا، دەتوانین بڵێین ئەوە کرێکاران بوون کە شایان هێنایە خوارەوە لە دەسەڵات.

لە ئێستاشدا کرێکاران لەبەشێکی زۆری کارگەکاندا پشتیوانی خۆیانیان بۆ خەڵکی ڕاپەڕیوی ئێران دەربڕیوە، زۆر جاریش هەرەشەیان لە دەسەڵاتداران کردوە، کە نابێت توندوتیژی بەرامبەر بە خۆپیشاندەران بەکار بێنێت. لە بەشێک لە کارگەکاندا مانیان لەکار گرتوە، لەبەشێک لە شارەکاندا لە زۆربەی کارگەکانەوە کرێکاران خۆپیشاندانیان ئەنجام داوە بەتایبەتی لەم رۆژانەدا کرێکارانی شاری ئەسفەهان هاتنە سەرشەقام و دروشمیان دژی دەسەڵات دەوتەوە. بەکورتی کرێکارانی ئێران دەرس و تەجروبەی خۆیانیان هەیە و دەزانن لەکوێداو لە کەیدا بەشدار دەبن هەنگاو

بەهەنگاو چۆن دەچنە پێشەوە.

بەڵام چینی کرێکار ئەرکێکی گرنگی لەسەرشانە دەبێت بزانێت کەی دەبێت خۆی بکات بە خاوەنی ئەم ڕاپەڕینە و ڕابەرایەتی ئەم ڕاپەڕینە بکات و بزانێت بەرەو کوێی دەبات. چونکە سیستەمی سەرمایەداری بە هەموو شێوە جیاوازەکانیەوە بە عەلمانی و ئیسلامیەوە دەریانخست و سەلماندیان کە دەسەڵاتی ئەوان هیچکات لە بەرژەوەندی کریکاران و خەڵکی هەژاری ئێراندا نییە. هەربۆیە کاتی ئەوە هاتووە کرێکاران بتوانن ڕابەرایەتییەک دروست بکەن کە بتوانێت بە شێوەیەکی یەکلاییکەرەوە چینی کرێکار خۆی دەسەڵات بگرێت، چونکە ئەوە تەنها کرێکارانن دەتوانن کۆتایی بەو دەسەڵاتە بێنن و ژیانێکی ئارام بۆ خۆیان و خەڵکی زەحمەتکێشی ئێران دابین بکەن. بەبێ ئەوە هیچکات ژیانی کریکارن و زەحمەتکێشان باش نابێت.

بۆیە گرنگە هەرئێستا کرێکاران هەنگاو بنێن بۆ پێکهێنانی شورا کرێکارییەکان، چوونکە ڕێکخراوی شورایی، پێشڕەوترین شیوازی ڕێکخراوبوونی چینی کرێکارانە و دەبێتە مایەی ڕێکخراوبوونی بەشی پێشڕەوی چینی کرێکار. هەوڵدان بۆ هاوئاهەنگی لەگەڵ بزوتنەوەکانیتردا کە بەرژەوەندیان لەگەڵ چینی کریکاردایە، بەڵام دەبێت کرێکاران خۆیان ڕابەرایەتی ئەو ڕاپەرینە بکەن و بەرەو شۆڕشی کریکاریی بیبەن، بەبێ ئەو شۆڕشە کریکاران لە گۆڕینی دەموچاوەکان سودمەند نابن. دەبێت کریکاران ئەمجارە بە بەڵێنی هیچ هێزێکی بورجوازی دەستخەرۆ نەبن، وەک چۆن لەساڵی ١٩٧٩ خومەینی توانی بە کۆمەڵێک دروشمی وەک "ئاو، کارەبا، هاتوچۆو، مەسکەن" دەکەین بەخۆڕای، لەگەڵ کۆمەڵێک درۆیتر کرێکاران پشتیوانیان کردو شایان ڕوخاند، بەڵام کاتێک ئاخوندەکان دەسەڵاتیان جێگیر بوو سەرەڕای ئەوەی کەوتنە هەڵوەشانەوەی ئەو ڕێکخراوە کرێکاریانەی کە کریکاران دروستیان کردبوو، بەشێک لە ڕابەرانیشیان دەستگیر کران. بۆیە دەبێت کرێکاران ئەوە باش بزانن تەنها خۆیان و هەژارنی ئەو کۆمەڵگەیەن کە دەتوانن لە ڕێگای شوراکانەوە ژیانێکی باشتر بۆ خۆیان و کۆمەڵگای ئێران بەدەست بێنن.

*******

## درێژەی دوا وتە...

تریان بە هوشیارییەوە و بە شێوەی ئامانجدارانە دەیانەوێت روخسارێکی تر بە سەرجەم کوردستان و لەپێشیانەوە بە سلێمانی ببەخشن.

ئەم بەشە کە ئامانجی سیاسیان هەیە دەیانەوێت دیمەنێکی تری فەیک و ئاوەژوو بە هەرێم و سلێمانی ببەخشن، ئەوانەن کە روخسار و دیمەن و سیمای هەمەڕەنگی هەرێم و شاری سلێمانی نابینن، تواناییەکانی، داهێنان و شێوە ژیانی مۆدێرن، یاخی بوون و مل نەدانی نادیدە دەگرن و هەراو هۆریایەکی سادەی سەلەفی و ئیسلامیەکان، کە چ خۆیان و چ رەفتار و پەیام و ئەو روداوانەی دروستی دەکەن، نامۆن بە کۆمەڵگەو شێوەی ژیانی واقعی دانیشتوانی، وەکو واقعی زاڵی کۆمەڵگە دەخەنە روو. دەنگدانەوەی هێرشی چەند تازە لاوێک بۆسەر کچێک، هێرش بۆسەر لێدوان و بۆچوونێکی بەرابەریخوازی یان بۆسەر نووسەر و ئەدیب و هونەرمەندێک، فتوای مەلایەکی لاکەوتە بۆسەر ژنان، سکاڵای چەند ئیسلامیەکی موڵەتپێدراو لەسەر ژنانی کۆمۆنیست و ئازادیخوازو فیمینست... ئەمانە بۆیە روودەدەن، چونکە لەلایەکەوە بکەرەکان و لەلایەکی تریشەوە رووداوەکان نامۆن بە کۆمەڵگەی مۆدیرنی کوردستان... هیچ کەسێک پێشوازی گەرمی ملیۆنان ئینسان بۆ لەزەت لە یارییەکانی مۆندیال و بیننی بە نامۆ لە کۆمەڵگەدا تەماشا ناکات کە مەلاکان و سەلەفیەکان وەکو حەرام بانگەشەی بۆ دەکەن... ئاهەنگگێران و پێشوازی گەرمی ملیۆنی لە بۆنەکانی سەری ساڵ، بە نامۆ تەماشا ناکات. کەس سەیران و سەفا و خۆشیەکانی رۆژانەی هاوڵاتیان بە نامۆ نابینیێ، سەیرانی رۆژانی خۆشی بەهاران و شادی ملیۆنان ئینسان و خواردن و خواردنەوەی ناوچە گەشتیاریەکان و قەراغ شارەکان کەس بەنامۆ لێی ناڕوانێت، کەس رووهێنانی ژنان بەرەوە بازارەکانی کار و خستەرووی تواناکانیان بە نامۆ نابینن، کەسێک نیگەرانی ئەوە نییە ژنان لە مەیدانی سیاسەت و ئەدەب و هونەر و شانۆ و مۆسیقا ئامادەییان هەیە، روو دەکەنە هۆڵەکانی لەشجوانی و مەلەوانگەکان....تاد. چونکە ئەمانەو دەیان دیاردەی تر، نەریت و شێوە ژیانی مۆدێری خەڵکی کوردستان و لە پێشیانەوە سلێمانییە... ئەمەش دۆخ و کەشی زاڵی تەواوی کۆمەڵگەی کوردستانە.

کردەوەی نامۆ و بکەری نامۆ بە کۆمەڵگەی کوردستان بەراستی شت گەلێکی ترن. چ فرە ژنی کە ئیسلامیەکان بانگەشەی بۆ دەکەن و چ رێگەدان بە زەوجی میسار و موتعە، چ گەورە بە بچوک و نەریتەکانی پیشووی کۆمەڵگە وەکو شیربایی و گەورە بە بچوک و تەمیکردن و لێدان لە ژن و منالّ و ...تا دەگاتە بەچاوی کەم تەماشاکردنی ژنان و بیَ رێزی کردن بەکاری ئەدەبی و هونەری و بیَ رێزی بە ژنانێک کە بەتەنها سەفەر بکەن یان خۆیان ژیانی هاوسەری هەڵبژێرن... تاد جێگای نەفرەتی کۆمەڵگەن و وەکو حاڵەتی نامۆ و قێزەون لێیان دەروانرێت... تەنانەت شێوە ژیانی باوی کۆمەڵگە و ریساو یاسای نەنووسراو بەڵام جێکەوتوو و پیادەکراو ناو کۆمەڵگە، لە یاساکانی ناو دادگان لە پێشتر و ئینسانی ترن و بەرابەری خوازترن و یەکێک لە ئامانجی دارشتنی یاساکان، بۆ لەقاڵبدانی شێوە ژیانی هاوڵاتیان و خستنە ژێر چاودێریانەوەیە.

سلێمانی سەرمەشقی ئەو شێوە ژیانە سادەو ساکارەو نموونەی جێخستن و گوێزانەوەیەتی بۆ تەواوی هەرێم. خۆ ئەگەر ئەوە لەبەرچاو بگرین کە دەسەلاتی سیاسی چەندە نابەرپرس و لەپشت کۆنەپەرستیەوەیە، وە ئەوە لەبەرچاو بگرین کە چەند هەزار مزگەوت وەکو کۆبونەوەی جەماوەر بۆ گوێهەڵخسنی مەلای بەلاشخۆر قوتکراونەتەوە، وە ئەوە لەبەرچاوبگرین چۆن دەسەڵات بواری داوە بە ئیسلامیەکان جلّەو ئازاد بەر ببنە دیاردەو سیما مۆدیرنەکانی و کۆمەڵگەو مافە شەخسی و مەدەنیەکانی خەڵکی، وە ئەوە لەبەرچاو بگرین کە ئۆپۆزیسیۆنە بۆرژوازییەکەی چۆن دەست لەملانێی رەوتە ئیسلامیەکانە، ئەگەر ئەوە لەبەرچاو بگرین هاوڵاتیان لەگەڵ چ ئۆپۆزیسیۆنێکی بودەڵەو نۆکەر پیشە و دواکەتوو بەرەوە ڕوون، ئەوە لەبەرچاو بگرین کە هاوڵاتیان لە چ هەلومەرجێکی خراپی ژیان و گوزەراندان، وە ئەوە لەبەرچاو بگرین کە میدیا و ماس میدیای زاڵ لە کۆمەڵگەدا چ رۆڵێکی خراپ و وێرانگەر دەگێرن، ئەوە لەبەرچاو بگرین کە زوربەی رۆژنامەنوس و نووسەر، لەسەر گەندەڵی و پشت کردنە راستیەکان، نان پەیدا دەکەن و چەندە دوورن لەوەی ئازادی بەیان و بیروباوەر، وەکو بنەمایەکی پیرۆز تەماشابکەن...تاد ئەوکاتە دەتوانین باشتر لە روحیە و ئازایەتی خەڵکی هەریم و پێشکەوتنخوازییەکەی بروانین... یاخی بوون بەرامبەر بەو دۆخە و وەستانەوە بەرووی ئەو دەسەڵات و شێوە ژیانەدا، ئەو پەڕیَ ئازایەتی و پێشکەوتنخوازییە... ئیسلام و ئیسلامی سیاسی لە هەرێم و بەتایبەتی لە زۆنی سەوزدا نەک هەر زەمینەی پێگرتن و پایە داکوتانی نییە، بەڵکو ئەوەی کۆسپی سەرەکی بەردەمیانە مۆدێرن بوونی خەڵکی کوردستان و شاری سلێمانییە... ئیسلامیەکان و سەلەفیەکان، نووسەرانی بەنرخی رۆژ نان خۆر نیگەرانی ئەو دۆخەن و کردەوە نامۆ و نەگونجاوەکانیان بە کۆمەڵگە مایەی هەراس و نیگەرانیانە... دەبیَ فتواکان و هەڕەشەکانیان لەو چوارچێوەیدا تەماشا بکرێن و لە جێگای خۆیان دابنرێنەوە... بەڵی بەو هۆیە زۆر سادە و ساکارانەو ئەو تایبەتمەندیانەی لە کوردستاندا هەن، نە هەرێم نە سلێمانی نابن بە ئەفغانستان!! و بە کابول!!... ئەوە تەنها بانگەشەیەکە بۆ ترساندنی کۆمەڵگە تا بە دۆخی کابول و ئەفغانستان!! خەڵکی هەرێم و سلێمانی بترسێنن، بەڵام ئەم دیدو خەونە ناکامە... زوربەی هەرە زۆری خەڵکی هەرێمی کوردستان پەیرەوی لە کەلتور و دنیابینی و پراکتیکی مۆدێرن دەکەن، لەبەرامبەر بە کەلتور و دنیا بینییەکی نامۆ و لاواز و ئیسترادکراودا... شاری سلێمانیش، هەر شاری رۆشنبیری و داهێنان و شاری یاخی و پڕ جوڵەی هەمەرەنگی جوانە.

**ناوەراستی جەنیوەری ٢٠٢٣**

## درێژەی...دیمانەی بۆپێشەوە لەگەڵ هاوڕیَ وەستا جەلال ئەندامی یەکێتی کۆمۆنیستەکان...

تاکو ئێستاکە بەهۆی هەلومەرجی سیاسی و کۆمەڵایەتی ئیسلامی سیاسی لەهەرێمی کوردستان بەردەوام بە شێوەی عێراق و کوردستان ناوچەکەش، ئیسلامی سیاسی نەیتوانیوە جۆراوجۆ، کەم یان زۆر، لەبەرامبەر بزوتنەوەی بە ئاشکرا پشتیوانی لە کۆماری ئیسلامی ئێران بکات. ئازادیخوازانەی ژنان و پیاوان بەرەو ڕووبۆتەوە و ڕێگری ئیسلامی سیاسی لە هەرێمی کوردستان لەگەڵ ڕوخانی لیَ کراوە، دیارە بە سەرکەوتنی شۆڕشی خەڵکی ئێران کۆماری ئیسلامی ئێران، پشتیوانیەکی بەهێز لەدەست دەدات، بەتایبەتی ئیرادەو هاتنەمەیدانی ژنان و لاوانی شۆرشگێر و بۆیە ڕوبەڕوی کۆمەڵێک کێشەو پاشەکشە لە مەیدانی خەڵکی ئازادیخواز، کاریگەری زۆری دەبێت لەسەر سیاسی و کۆمەڵایەتی دەبێتەوە، ئەگەرچی لە چەند ساڵی پاشەکشەی ئیسلامی سیاسی لە عێراق و هەرێمی ڕابردوو ئیسلامی سیاسی، بەهۆی ناکۆکی نێوان یەکێتی و کوردستان.
پارتی، لەژێر دەسەڵاتی حکومەتی هەرێمی کوردستان هەوڵی زۆریداوە بۆ بەئیسلامیکردنی کۆمەڵگەی کوردستان، بەڵام خۆشبەختانە پاش ئەو هەموو یارمەتی و پشتیوانیەی حکومەتی هەرێم و وڵاتانی دراوسیَ، ئێران، تورکیا و سعودیە. ئیسلامی سیاسی نەیتوانیوە سەرکەوتوبێت،

**بۆپێشەوە: لاتان وایە کۆسپەکانی بەردەم ڕاپەرینی خەڵکی ئێران کامانەن و چۆن دەکرێت وەلابنرێن؟**

**وەستا جەلال:** بەشداربوانی، ڕابەران و هەڵسوڕاوانی مەیدانی خۆپیشاندانەکان لەسەر شەقام و کۆڵانەکان لە ئێمە باشتر دەزانن کەم و کوڕیەکانیان لە کوێدایە، ئەوەی ئێمە لەدوورەوە دەیبینین، زۆر جیاوازترە لەوەی کەسێک ڕاستەوخۆ لەمەیدانی خۆپیشاندانەکان بەشدار بێت. ئەوەی من لە دوورەوە دەیبینم، سەرکوتی خوێناوی هێزەکانی ڕژێم ڕێگرە لە سەرکەوتنی ئەو شۆڕشە، هەروەها کەموکوڕی و ڕێگریەکی تر تاکو ئێستا هەبێت، بەشداری نەکردنی بەشیکی زۆر لە کرێکاران، مامۆستایان، خەڵکی زەحمەتکێش و خەڵکی ئێرانە. ئەوەش دەگەڕێتەوە بۆئەوەی ڕژێم دەستی نەپاراستوە لە کوشتن، گرتن، ئیعدام و لێدان، ئەوەش ڕێگریەکی ترە لە سەرکەوتنی شۆڕش لەژێر شیعاری ژن، ژیان، ئازادی...

**سوپاس بۆ ئێوە، سوپاس بۆ بۆپێشەوە، دەستخۆشی لە رۆژنامەی بۆپێشەوە دەکەم کە ئەم چاوپێکەوتنەی ئەنجام داوە، هیوای سەرکەوتنتان بۆ دەخوازم**

**دەسەڵاتی جمهوری ئیسلامی شەرعیەتی مانەوەی نەماوەو نابیَ پەیوەندی وڵاتانی دنیا لەگەڵی بەردەوام بێت، دەبیَ سەفارەتخانەکانی لە دنیای دەرەوە بە هۆکاری سەرکوت و کوشتن و سەرکوتی خوێناوی جەماوەری دابخرێن و سەرانیان بەتاوانی سەرکوت و کوشت و کوشتار بدرێنە دادگا...**

بۆپێشەوە

FORWARD بڵاوکراوەیەکی سیاسی سۆشیالیستییە

Forward

سەرنووسەر: عەبدوڵا مەحمود

هاوکاری سەرنووسەر: ئاراس ڕەشید

ڕاوێژکاری سەرنووسەر: ڕێبوار ئەحمەد

بۆناردنی بابەتو پەیوەندی:

bopeshawa@gmail.com

بۆ پەیوەندی بەسەر نووسەرەوە:بۆناردنی بابەتو پەیوەندی:

abdulla.mahmud@gmail.com

بۆ خویندنەوەی بابەت و وتارەکانی بۆپێشەوە سەردانی سایتی بۆپێشەوە بکەن:

www.bopeshawa.net

نووسەرانی ئەم ژمارەیە:

ئەحمەد جوانکار، ئارام حەسەن، عەبدوڵا مەحمود، توانا حەمەنوری، حەکیم میرزا، هیوا ساڵح، کاوان قادر، جیهاد محمەد کەریم، شوانە حەسەن ئەبوبەکر، نەرمین عوسمان، ئاراس رەشید،دلێر محەمەد نوری، حەکیم میرزا،جەمال نوری،عبدالرحمن رەسول...

لەگەڵ دۆسیەکی تایبەت سەبارەت بە"ڕاپەرینی خەڵکی ئێران و کوردستان و ئایندەکەی"...

## هایکۆکانی چینایەتی... ئەحمەد جوانکار



1- مانگای شیردەرە، شیرەکەی بۆ زۆرداران و ریخەکەی بۆ هەژارانە نیشتیمان!



2– نان بۆ برسییەکان، نیشتیمانە!



3– هەرگیز موڵکی هەژاران نەبووە نیشتیمان!




4– دوای کارەکەی پێکەنینی دێ بەدرۆکانی! وتە بێژی گشتی حکومەت.

## دوا وتە

# سلێمانی، شاری ڕۆشنبیری و یاخی لەستەم و کۆنەپەرستییە!

**عەبدوڵا مەحمود**

بەدوای هەر کردەوەیەکی نامۆ و هەر کەمپەینیکی ئیسلامی و سەلەفی و کۆنەپەرستەکان بۆسەر ژنان و کۆمەڵگە و ئازادییەکان و هێرش بۆسەر مافە شەخسی و ئینسانیەکان... کە بەرهەمی نامۆیی ئەو هێز و رەوتانەیە بە کۆمەڵگە، کاردانەوەی جیاواز لەلایەن بەشێک لە هاولاتان و نووسەر و نوخبەی سیاسی دەبیستن، بەتایبەتیش ئەگەر ئەو هێرش و کەمپەینانە لە سنوری شاری سلێمانی روویدات.



هەندێک لەو کاردانەوەو هەڵوێستانە، ئاساییە و لە ژێر هەژموونی رووداو پێشهاتەکان و ترسە لە ئاییندەی هەرێم و خەڵکەکەی و بەتایبەتی شاری سلێمانی، بەڵام بەشێکی تر لە لێدوان و هەڵوێستگیرییەکان و بەتەواوەتی سیاسییەو بە نەخشەوە ئاراستە دەکرێن. ئەم ماوانەی دوایی و بەتایبەتی دوای وروژاندنی پرسی"جێندەر" و فتوای سەلەفیەکان بۆسەر ژنانی ئازادیخواز و فیمینست، هێرشێکی سیستماتیک کرایە سەر شاری سلێمانی و تۆمەتی پاکەتی و پێشتر لەقوتونراوی ئاراستە کران. لەوانە پێشکەوتوویی شار، توانا رۆشنبیری و داهێنانەکانی، جوڵەو زیندویەتیەکەی، توانا شاراوە بەردەوامەکانی کە زوو زوو خۆیان دەردەخەن، کراوەیی و بەزوویی جوت بوونی لەگەڵ پێشرەوییەکانی دنیا و گوێزانەوەی خێرای نەریت و شیوازەکانی نوێ ژیان و مۆدیلاتەکان... بۆ ناو سەنتەری شار و ژیانی هاوڵاتیان.

جیا لەوانە زۆرێک لە نووسەر و کەسایەتی سیاسی هەر کردەوە نمایشێکی ئیسلامی و کۆنەپەرستی و سەلەفی دەبینن، یان بریار و لێدوانی بەرپرسانی شار دەبیستن، تا رادەی ئەوەی کە بڵێن شاری سلێمانی دەبێت بە "ئەفغانستان و کابول"!!، پێی لێ رادەکێشن و ئاییندەیەکی ترسناک دەخەنە پێش چاو.

هەروەکو پێشتر وتم هەندێک لەوانەی ئەو سیناریۆیە پێش چاو دەخەن، خۆیان قوربانین و لەژێر هەژموونی بۆمبارانی راگەیاندن و هێڵی نووسەران و سیاسییە راسپێردراوەکاندان، کە باگراوند و ئامانجی سیاسی و ململانێی حزبی لە پشتیان وەستاوە، بەڵام بەشێکی

بۆ لاپەڕە 15

# بەرهەمی تازەی هونەرمەند هیوا ساڵح

